گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ «خەبات»: لەبارەی بودجەی 2020 لەگەڵ بەغدا ڕێکدەکەوین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە


ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە


ژمارە (5869) ساڵی شەشەم 12ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەبارەی بودجەی 2020ی عێراق، لەگەڵ حکوومەتی فیدرالیی عێراق دەگەنە ڕێککەوتن. د. جوتیار عادل، گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا بەردەوامن و گەشبینن بەوەی لەسەر بودجە ڕێکبکەوین. ڕوونیشی کردەوە کە هێشتا گفتوگۆکان بەردەوامن و کەشێکی ئەرێنی لەئارادایە. پێشبینیی ئەوەشی کرد کە لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و بنەماکانی هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان، بگەنە ڕێککەوتن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە دادگای فیدراڵی سکاڵای تۆمار کرد

بە تۆمەتی نایاساییبوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک سکاڵایەکی لە دادگای فیدراڵیی عێراق تۆمار کرد و ئەندامێکی لیستی برایەتیش دەڵێ، بڕیاری پەرلەمان پێچەوانەی دەستوورە و چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**





نێچیرڤان بارزانی جەخت لە چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە دەکاتەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وەک یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، جەخت لە پڕۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە دەکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە لایەنە پەیوەندارەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە ڕادەسپێرێت کە لێژنەی تایبەت بۆ بەدواداچوونی پڕۆسەکە پێکبهێنن و هەنگاوی کردەیی لە ڕێکخستنەوەی بواڕەکانی کارگێڕی و یاسایی و دارشتنەوەی پەیکەری وەزارەت و هێزە و پێکهاتەکانی پێشمەرگەدا بنرێن.

بەرێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە، دوێنێ دووشەمە 2019/11/11 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەت و فەرماندە و پلەدارانی پێشمەرگە کۆبۆوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری دواینین هەنگاوەکانی پڕۆسەی چاکسازی لە وەزارەت و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە بێت.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆک و وەزیر و فەرماندە و پلەدارانی پێشمەرگە ئامادە بوون، بە درێژی تاوتوێی ئەو هەنگاوانە کرا کە لە چوارچێوەی پڕۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەدا تا ئێستا بۆ یەکخستنەوەی پێشمەرگە نراون و تێشک خرایە سەر ئەو گیروگرفتانەی دێنە بەردەم پڕۆسەکە، هەروەها چەندین پێشنیار و تێبینی بۆ خێراکردن و سەرکەوتنی پڕۆسەکە خرانە ڕوو.

لە کۆبوونەوەکەدا سوپاسی هاوکاری و پشتگیریی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمەریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا کرا کە بۆ سەرخستنی پڕۆسەکە لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کار دەکەن، هەروەها بڕیار درا کۆبوونەوەی دەوری بۆ بەدواداچوون و سەرخستنی پڕۆسەکە ئەنجام بدرێن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان- باکوور دەکات

چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەی پرسی کورد فاکتەری سەرەکی چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیربوونی ئاسایشە لە ناوچەکەدا

دوێنێ دووشەمە 2019/11/11 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی بالآی پارتی سۆسیالیستی کوردستان- باکوور بە سەرۆکایەتی مەسعود تەک سەرۆکی پارتەکە کرد. لە دیدارەکەدا جەخت لە سەر گرنگیی یەکڕیزی هێز و لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە لەپێناو چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەی پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە تووندوتیژی، کە فاکتەرێکی سەرەکی چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیربوونی ئاسایشە لە ناوچەکەدا.

پێویستە لە هەموارکردنەوەی دەستووردا سەرجەم تۆێژو لایەنەکان و شارەزایەکان بەشداریان پێ بکرێت

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لێژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە هەموارکردنەوە دەستووریەکان کرد کە بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەکە و نوێنەرانی سەندیکا و سەرۆکانی یەکێتییەکان و مامۆستایانی زانکۆ و ژمارەیەک ڕاوێژکار و پسپۆڕی بواری یاساکان و نووسینەوەی دەستوور بەرێوەچوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



3 تەقینەوە لە قامشلۆ ڕوویاندا و دەیان قوربانی لێکەوتەوە



ئێوارەی دوێنێ دووشەمە سێ تەقینەوەی بەهێز شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانی هەژاندو دەیان قوربانی لێکەوتەوە. سەرچاوە نێوخۆییەکانی قامیشلۆ ڕایانگەیاند دوو لە تەقینەوەکان لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە بووە، یەکێکیان لە نزیک کلێسای کلدانییەکان تەقیوەتەوەو دووەمیشیان لە نزیکی بازاڕی ناوەندیی شارەکە تەقیوەتەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە تەقینەوەی سێیەم لە ڕێگەی ماتۆڕسکیلێکی بۆمبڕێژکراوەوە بووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

یەکەم فڕۆکەی هاوکارییەکان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا گەیشتە هەولێر

دوێنێ دووشەمە یەکەم فڕۆکەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی خێرخوازیی مەسیحی بە دەیان تەن کەرەستە و پێداویستی هەنووکەییەوە گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر و لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی وەرگیرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دوو پڕۆژەی وێستگەی گۆڕینی کارەبایان لە گردجوتیار و عەنکاوە کردەوە

لەژێر چاودێری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ؛ ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا بەیاوەری فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر دوو پڕۆژەی گۆڕینی کارەبایان لەگردجوتیار و عەنکاوە لە شاری هەولێر کردەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

بوونی تیمە خۆبەخشەکان لە گۆڕەپانی تەحریر

لە میانی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک کارمەندی پزیشکی، چێشتلێنەر، سەرتاش و کەسانی شارەزا بۆ ڕووبەڕووی گازی فرمێسکڕێژ لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا کە ناوەندی چالاکی و گردبوونەوەی خۆپیشاندەرانە بڵاوبوونەتەوە و خۆبەخشانە یارمەتی پێشکەش بە خۆپیشاندەران دەکەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





هەولێر.. پێشانگایەک بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان

لە هەولێر پێشانگای بەرهەمە ناوخۆییەکانی کشتوکاڵ کرایەوە و چەندین بەرهەمی جیاواز تێیدا نمایش کراون و ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت. جووتیاری بەشداربووی نمایشەکە، ئازاد محەمەد دەڵێت: لەم پێشانگایەدا، چەندین میوەمان نمایشکردووە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە دادگای فیدراڵی سکاڵای تۆمار کرد

بە تۆمەتی نایاساییبوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک سکاڵایەکی لە دادگای فیدراڵیی عێراق تۆمار کرد و ئەندامێکی لیستی برایەتیش دەڵێ، بڕیاری پەرلەمان پێچەوانەی دەستوورە و چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن.

دڵشاد پیرۆت، ئەندامی لیستی برایەتیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک رۆژی یەکشەمە لە شاری بەغدا سکاڵای لەسەر پەرلەمانی عێراق تۆمار کردووە لەبارەی دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە بە هیچ شێوەیەک ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و لیستی برایەتی ڕازی نین بەو بڕیارەی پەرلەمان، لەبەر ئەوەش پەنامان بۆ دادگا بردووە. ئەندامەکەی لیستی برایەتی دەشڵێ: بڕیاری پەرلەمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان پێک هاتوون و بە یاساش کار دەکەن.

لەبارەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، دڵشاد پیرۆت ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین پارێزگار لەنێو خەڵکدا هەڵبژێردرێت و ڕاستەوخۆ هاوواڵتیان دەنگ بۆ دیاریکردنی پارێزگار بدەن، چونکە کێشەی دانانی پارێزگارەکان چارەسەر دەکرێت و هەنگاوێکی باشە، دانیشتووانی هەر پارێزگایەک پارێزگار بۆخۆیان هەڵبژێرن.

دوای پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

یەکەم فڕۆکەی هاوکارییەکان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا گەیشتە هەولێر





خەبات- مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ دووشەمە 2019/11/11 یەکەم فڕۆکەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی خێرخوازیی مەسیحی بە دەیان تەن کەرەستە و پێداویستی هەنووکەییەوە گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێر و لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی وەرگیرا.

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکان خالد جەمال ئەلبێر کە بە نوێنەرایەتی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە فڕۆکەخانە ئامادەبوو لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەمە یەکەم فڕۆکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مەسیحی "سەمیریتان پێرس"ـە کە بە دەیان تەن کەلوپەل و پێداویستی هەنووکەیی و گرنگ بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە ڕۆژانی دواتریش چەندین فڕۆکەی دیکەی پڕ لەپێداویستی و هاوکاری مرۆیی جۆراوجۆر دەگەنە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

لەلای خۆیەوە موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی کە لە فڕۆکەخانە بۆ وەرگرتنی ئەم پێداویستییانە ئامادەبوو لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات، سوپاسگوزاری خۆی بۆ ڕێکخراوی سەمیریتان پێرس دەربڕی کە لە زۆربەی بارودۆخە هەستیارەکاندا بەدەم ئاوارە و لێقەوماوانەوە هاتووە و گوتی: بەپشتیوانی خوای گەورە سەبەینێ دەست بەگواستنەوەی ئەم پێداویستیە مرۆییانە بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا دەکەین.

هەروەها هیواشی خواست هەموو ڕێکخراوە خێرخوازیەکان بەدەم بانگەواز و داواکاری بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێن کە لەکەمپی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا لەپارێزگای دهۆک پێشکەشی کرد و تەئکیدی کردەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهەموو توانایەکی لە خزمەت ئاوارەکاندا دەبێت.

شایانی باسە ڕێکخراوی سەمیریتان پێرس لە 2007ـەوە بارەگای خۆی لەهەرێمی کوردستان کردۆتەوە و لەم 12ساڵەی ڕابردووشدا بایی نزیکەی 100ملیۆن دۆلار هاوکاری مرۆیی گەیاندۆتە هەرێمی کوردستان و ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێم و دەشتی نەینەوا، جگە لەوەش ساڵانە دیاری منداڵانی ئەمەریکای هێناوە بۆ منداڵانی کوردستان و کەلوپەلی بۆ دامودەزگا تەندروستییەکان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هێناوە و سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەش فرانکلین گراهامە، کە چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لەڕێگەی قەشە سامی داغر بەڕێوەبەری کارەکانی ڕێکخراوەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان و کەسایەتییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان دروست کردووە.

سبەی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

چەند پرۆژەیاسایەک خوێندنەوەی یەکەمییان بۆ دەکرێت و چەند بیرۆکەیەکیش تاوتوێ دەکرێت



سبەی چوارشەمە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و بەپێی کارنامەکەش چەند تەوەرێک دەخرێنەڕوو. پەرلەمانی کوردستان کارنامەی دانیشتنی ژمارە 7ی ئاسایی ڕێکەوتی 2019/11/13ی بڵاوکردەوە و تیایدا چەند تەوەرێک دەخرێتەڕوو. لە کارنامەکەی پەرلەمانی کوردستان ژمارە بەوەکراوە 7ی 2019/11/13دا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسا و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی مادەکانی (79 و 80 و 82)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.

لە کارنامەکەی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆمالییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێشنیازە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان دەکرێت. لە بەشێکی دیکەی کارنامەکەدا هاتووە کە، دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەک پەرلەمانتار لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و پێکهێنانی 4 لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بەپێی مادەکانی (28، 29، 34) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێ.

لە بڕگەی سێیەمی کارنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە بیرۆکەی پەرلەمانتاران گفتوگۆی لەسەر دەکرێت وەک بیرۆکەی پەرلەمانتار جوان یونس ڕۆژبەیانی کە بیرۆکەکە پەیوەستە بە دووبارە تەعریبکردن و مەترسیی هەموارکردنەوەی ماددەی 140ی دەستووریی هەمیشەیی عێراق. لە کارنامەکەدا ئاماژە بە بیرۆکەی پەرلەمانتار کاروان عەبدوڵڕەحمان عەبدوڵڵا کراوە سەبارەت بە پرسی چۆنیەتی شەفافکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا کە پێتشکەش بە ئامادەبووانی دەکات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: بەم نزیکانە پرۆژەیاسای چاکسازی دەنێردرێتە پەرلەمان




سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی ئەنجام دراوە و حکوومەتیش داوای لە لایەنەکان کردووە، تێبینییەکانیان لەبارەی پرۆژەکەوە ڕەوانە بکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەم نزیکانەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیاسای چاکسازی بۆ پەرلەمان دەنێردرێت و ئامادەکردنیشی لە قۆناغی کۆتایی دایە. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، پرۆژەیاسای چاکسازی لە قۆناغی کۆتاییدایە و بەم نزیکانە ئامادەکارییەکانی تەواو دەبێت.

لە بارەی کاتی نارەنی پرۆژەیاسای چاکسازی بۆ پەرلەمان، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاشکرای کرد، «لەم نزیکانەدا» حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیاساکە ڕەوانەی پەرلەمان دەکات. شایەنی باسە لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک کۆبوونەوەی تایبەت بە سەرپەرشتیی مەسرور بارزانی، نێردەوڵەتی هەولێر.

هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرژمێری پێکهێناوە

مەحموود عوسمان: باری دیموگرافیی ناوچە کوردستانییەکان گۆڕانکاری تێکەوتووە و پێویستە ئاسایی بکرێتەوە



ئەندامێکی دەستەی باڵای سەرژمێری لە عێراق دەڵێ، سەرەڕای ئاڵۆزییەکانی عێراق، ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراق بەردەوامن و دەشڵێ، کورد پێداگریی کردووە ئەو خەڵکانەی بەناوی ئاوارە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم نیشتەجێ کراون، لەسەر ئەو ناوچانە هەژمار نەکرێن.

مەحموود عوسمان، ئەندامی دەستەی باڵای سەرژمێری لە عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی لە ساڵی داهاتوودا بەردەوامن، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزییەکانی عێراق هەندێ سستیی تێکەوتووە، چونکە دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق و وەزارەتی پلاندانان نزیکن لە شۆینی خۆپیشاندانەکانی عێراق و ژمارەیەکی کەمتر فەرمانبەر پابەندی دەوامن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەنگاوی باش نراوە بۆ بەڕێوەچوونی سەرژمێریی گشتی، لەگەڵ هێزوربوونەوەی خۆپیشاندانەکانی عێراقیش هەنگاوی خێراتر دەبڕین بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی. ئەندامەکەی دەستەی باڵای سەرژمێری لە عێراق گوتیشی: هەفتەی ڕابردوو تیمێک لە عێراق و هەرێمی کوردستان سەردانی قاهیرەی پایتەختی میسریان کردووە بە مەبەستی شارەزابوون لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سەرژمێریی گشتی و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتە و ڕاهێنانیشیان ئەنجام داوە. عوسمان جەختیشی کردەوە: ئەمجارە بە سیستەمی تابلێت سەرژمێری ئەنجام دەدرێت و کاتی زۆری ناوێت، کە سیستەمێکی پێشکەوتووە و کارئاسانیی زۆری بۆ پرۆسەکە دەکات.

لەبارەی هەبوونی کێشە لە نێوان هەرێم و بەغداشەوە، مەحموود عوسمان دەڵێت: ڕاستە ئێمە وەک هەرێمی کوردستان کێشەمان هەیە لەبارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر ئەوەش وای کرد حکوومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی چەند وەزیرێک پێکبێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستەی ئاماری عێراق و کۆمسیۆنی باڵا، کە لە لایەن سەرۆکوەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، چونکە باری دیموگرافیی ناوچە کوردستانییەکان گۆڕانکاری تێکەوتووە و پێویستە ئاسایی بکرێتەوە، داواشمان کردووە هەموو ئەو خەڵکەی بە ناوی ئاوارە و هەر ناوێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکان نیشتەجێ کراون، بگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان و نابێت لەسەر ئەو ناوچانە هەژمار بکرێن.

هێزێکی ئەمەریکی دەنێردرێتە سنووری مەخموور

هێزێکی ئەمەریکی دەنێردرێتە سنووری شارۆچکەی مەخموور لە باشووری ڕۆژئاوای هەولێر. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، هێزە ئەمەریکییەکە لە 50 سەرباز و ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی سەربازی پێک هاتووە و گەیشتووەتە سنووری شارەدێی قەراج. هەروەک ئەو میدیایانە باسی دەکەن، هێزە ئەمەریکییەکە بە بەشداریی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، ئۆپەراسیۆنێک بۆ ڕاوەدونانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەنجام دەدات. ئۆپەراسیۆنەکە لە ناوچەی گەیارە لە باشووری مووسڵ تا زنجیرە چیای قەرەچوغ لە نزیک مەخموور بەڕێوە دەچێت. ئەو ئۆپەراسیۆنە دوای چەند ڕۆژێک دێ لە بە ئامانجگرتنی بنکەی سەربازیی ئەمەریکا لە گەیارە بە ژمارەیەک مووشەک.

گفتوگۆکان بەردەوامن و کەشێکی ئەرێنی لە ئاراداید

گوتەبێژی حکوومەت بۆ «خەبات»: لەبارەی بودجەی 2020 لەگەڵ بەغدا ڕێکدەکەوین



دکتۆر بەشیر حەداد: پێویستە لە هەموارکردنەوەی دەستووردا سەرجەم تۆڕ و لایەنەکان و شارەزاییەکان بەشداریان پێ بکرێت

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوێنێ دووشەمە سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لێژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە هەموارکردنەوە دەستوورییەکان کرد کە بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەکە و نوێنەرانی سەندیکا و سەرۆکانی یەکێتییەکان و مامۆستایانی زانکۆ و ژمارەیەک ڕاوێژکار و پسپۆڕی بواری یاساکان و نووسینەوەی دەستوور بەڕێوەچوو. دکتۆر بەشیر حەداد لەسەروبەندی کۆبونەوەکەدا هەوڵەکانی ئەندامانی لێژنەی هەمواڕە دەستوورییەکان بەرز نرخاند کە بەردەوامن لە کارەکانییان، جەختیشی لەسەر گرنگیی پرۆژەکە لەم دۆخە هەستیاردا کردەوە، وێڕای باسکردن لە پێویستیی بەشداریپێکردنی سەرجەم تۆڕ و لایەنەکان و ڕۆڵی پسپۆڕان و شارەزایان، بەتایبەت کە ئەمڕۆ دەستوور لە دەستووری باشەکانی جیهان دادەنرێت، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لە پێداچوونەوەی ماوەی جارێک بۆ لەگەڵ چوون لەگەڵ گەشەپێدانە کۆمەڵگەییەکان. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە ئامادەبوان کرد ڕاسپاردە و پێشنیازگەلێکیان هەبێت بۆ خزمەتکردنی پڕۆسەی هەمواڕە دەستوورییەکان بەشێوەیەک کە لەگەڵ پێویستییەکانی قۆناغەکەدا بگونجێت. دکتۆر بەشیر حەداد لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی دەکرێت هەر هەموارێکی دەستوور بکرێت بۆ فراوانکردنی ڕووبەری ماف و ئازادییەکان و گەرەنتی کردنی قۆڵبوونەوەی پرنسیپەکانی دادپەروەری و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ. ئاماژەشی بەوەدا کە پێداچوونەوە بە دەستوور و هەموارکردنی پرسێکی ئەرێنی بە پێی میکانیزم و ڕێڕەوە دەستوورییەکان و ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر ئەو هەموارانەی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندییان دەکات.

گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەبارەی بودجەی 2020ی عێراق، لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی عێراق دەگەنە ڕێککەوتن. د. جوتیار عادل، گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا بەردەوامن و گەشبینن بەوەی لەسەر بودجە ڕێکبکەوین. ڕوونیشی کردەوە کە هێشتا گفتوگۆکان بەردەوامن و کەشێکی ئەرێنی لەئاراداید. پێشبینیی ئەوەشی کرد کە لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و بنەماکانی مافەکانی هەرێمی کوردستان، بگەنە ڕێککەوتن.

لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا گوتەبێژی فەرمیی حکوومەت ئاشکرای کرد، لە ماوەی داهاتوودا پرۆژە ستراتیژییەکانی حکوومەت ڕادەگەیەنن و خودی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕوونی دەکاتەوە کە پرۆژە ستراتیژییەکان چین. هەروەها دکتۆر جوتیار عادل لە حکوومەتە بە گشتی و کەمکردنەوەی ڕۆتینە، کە وەک لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی ئەم کابینەیەدا هاتووە، هاوکات پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترە بە هاوواڵتیان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە گوێگرتنە لە دید و بۆچوونی ئەنجومەنەکانیش لە لایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە.

لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕایگەیاندووە: بڕیارە لەم هەفتەیەدا مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی پاریزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کۆببێتەوە. گوتەبێژەکەی حکوومەتی هەرێم ڕوونیکردەوە، کە مەبەستی سەرەکی کۆبوونەوەکە، پێداچوونەوە بە ئەرک و ماف و پێداچوونەوەی ئیشوکاری

هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجەی 2020ی عێراق دەست بە گفتوگۆ دەکەنەوە

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاماژە بەوە دەکات، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجەی 2020ی عێراق دەست پێ دەکەنەوە.

فارس عیسا، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: لە هەرێمی کوردستانەوە چوار شاند بۆ بەغدا ئامادە کراوە، یەکەمیان شاندی بودجەی کوردستانە، دووەم شاندی ئامار و سەرژمێریە، سێیەم شاندی پێشمەرگە و چوارەمیشیان شاندی وزە و نەوتە. ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئامادەکاریی سەرجەم شاندەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا تەواو بووە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاشکراشی کرد: چەند ڕۆژی داهاتوو گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجە دەست پێ دەکەنەوە، یان شاند دەچێتە بەغدا، یانیش لە بەغداوە شاند دێتە هەولێر، چونکە هێشتا ئامادەکارییەکانی پڕۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق تەواو نەبووە.

جێی باسە لە ماوەی ڕابردووەدا چەند جارێک پلان هەبووە شاندی تایبەت بە گفتوگۆکردنی بودجە سەردانی بەغدا بکات، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی لە دوای خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دروست بووە، سەردانەکە دواکەوتووە.

نەجیبە نەجیب:

عێراق 120 ملیار دۆلار قەرزارەو 900 ملیار دۆلاریش بە گەندەڵی بەهەدەر دراوە



پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق ڕایگەیاند، لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردووەدا لە عێراق 900 ملیار دۆلار بە گەندەڵی بەهەدەر دراوە و 120 ملیار دۆلاریش قەرزدارە، کە زۆربەی هی دوای ساڵی 2003یە. دەشڵێ، بۆ ئەوەی چاکسازی بکرێت، گەندەڵی نەمێنێت و داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجێ بکرێت، پێویستە دەرفەتێک بدرێتە حکوومەتی ئێستای عێراق. نەجیبە نەجیب، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: ئەو دۆخەی ئێستا لە عێراق هاتووەتە ئاراوە و ئەو خۆپیشاندانانەی دەکرێن، بەرهەمی گەندەڵی و ناعەدالەتیی 15 ساڵی ڕابردووە، نەک هی حکوومەتی ئێستا، بۆیە پێویستە کات بە حکوومەتی ئێستا بدرێت بۆ ئەوەی گەندەڵکاران سزا بدرێن و چاکسازی بکرێت و داواکاریی خۆپیشاندەرانیش جێبەجێ بکرێن.

نەجیب گوتیشی: لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردووەدا 900 ملیار دۆلار بە گەندەڵی بەهەدەر دراوە و کەس نازانێت ئەو پارە زۆرە چۆن خەرج کراوە، جگە لەوەش 120 ملیار دۆلار قەرزدارە، کە 70 ملیار دۆلاری قەرزی دوای کەوتنی ڕژێمی ڕووخاوە و ئەوەی دیکەش لە سەردەمی ڕژێمدا قەرز کراوە، بەڵام حکوومەت نەک هەر نەدەبوو قەرز بکات، بەڵکوو دەبووایە ئەو قەرزانەش بداتەوە کە پێشتر لەسەری بوون، چونکە ساڵانە داهاتێکی زۆبەلاح دێتە عێراق و خەڵکی عێراقیش هیچ سوودێکی لێ وەرناگرن. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق لە لیژنەی دارایی دەشڵێ، دەرکەوت دەسەڵاتدارانی عێراق لە ماوەی ڕابردووەدا گەندەڵ بوونە، کە هەمیشە کوردیان بەوە تۆمەتبار دەکرد پارەی عێراق هەموی بۆ کورد دەچێت، لە کاتێکدا پارەی عێراقیان بە گەندەڵی بەهەدەر داوە.

پەرلەمانتارێکی عێراق: عادل عەبدولمەهدی لە گەندەڵییەکانی عێراق بەرپرس نییە

پەرلەمانتارێکی عێراقی ڕایدەگەیەنێت، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەرپرس نییە لە گەندەڵییەکانی عێراق و خۆپیشاندەرانیش لە داوای دەستلەکار کێشانەوەی پەشیمان بوونەتەوە. مەیادە نەجارِ، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، یەکێک لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی بەغدا ئەوە بوو، کە عادل عەبدولمەهدیی سەرۆک وەزیران دەست لەکاربکێشێتەوە، بەڵام ئێستا هەڵوێستی خۆپیشاندەران گۆڕاوە و بەنیازن دەرفەتێکی دیکە بدەن بە عەبدلمەهدی بۆ ئەوەی پڕۆسەی چاکسازی ئەنجام بدات. مەیادە نەجارِ هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەگەر هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق بەبێ جیاوازی پاڵپشتی لە عادل عەبدولمەهدی بکەن، چاکسازی فراوان لە عێراقدا ڕوو دەدات، ئەگەر سەرۆک وەزیران نەتوانێ لە ڕەگەوە ڕیشەی گەندەڵی هەڵبکێشێت، بێگومان دەتوانێ ڕێژەی گەندەڵی لە عێراقدا کەم بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەتەنیا بێت، بێگومان هیچی پێ ناکرێت.



سەربەخۆخوازانی کەتەلۆنیا ڕێگایەکی نێودەوڵەتی دادەخەن

ژمارەیەک سەربەخۆخوازی هەرێمی کەتەلۆنیا خۆپیشاندانێک ئەنجام دەدەن و ڕێگایەکی نێودەوڵەتی دادەخەن. پۆلیسی کەتەلۆنیا ڕایگەیاندووە، نزیکەی 80 کەسی سەربەخۆخوازی کەتەلۆنی لەسەر ڕێگای AP-7 لە نزیک بنکەی سنووریی لاجونکویرا لە نێوان لەسەر سنووری فەرەنسا، خۆپیشاندانێکیان ساز کرد.

خۆپیشاندەرەکان ڕێگاکەیان بۆ ماوەیەک داخستووە، کە ڕێگایەکی سەرەکیی نێوان کەتەلۆنیا و فەرەنسایە. گرووپی "هەڵمەتی تسۆنامیی دیموکراتی"، کە بە نهێنی کارەکات و بەردەوام خۆپیشاندان بۆ داواکردنی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا ساز دەکات، بەرپرسیارێتیی ڕێککستنی خۆپیشاندانەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

شایەنی باسە ڕۆژی 2019/10/14 دادگای ئیسپانیا سزای زیندانیکردنی بەسەر سەرکردە سەربەخۆخوازەکانی کەتەلۆنیادا سەپاند و لەو کاتەشەوە، سەربەخۆخوازانی کەتەلۆنیا بەردەوام خۆپیشاندان دژی حوکمی ئیسپانیا لە هەرێمەکەیان، دەکەن. ڕۆژی 2017/10/1 زیاتر لە 90%ی هاوواڵتییانی کەتەلۆنیا لە ڕیفراندۆمێکدا، داوای جیابوونەوەی هەرێمەکەیان لە ئیسپانیا کرد و دەنگیان بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دا، بەڵام حکوومەتی ئیسپانیا بە زەبری هێز و دەستگیرکردنی هەزاران سەربەخۆخواز، کۆتایی بەو هەوڵەی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا هێنا.

بەغدا.. بوونی تیمە خۆبەخشەکان لە گۆڕەپانی تەحریر



لە میانی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک کارمەندی پزیشکی، چێشتلێنەر، سەرتاش و کەسانی شارەزا بۆ رووبەڕووی گازی فرمێسکرێژ لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا کە ناوەندی چالاکی و گردبوونەوەی خۆپیشاندەرانە بلاوبوونەتەوە و خۆبەشخانە یارمەتی پێشکەش بە خۆپیشاندەران دەکەن. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی رابردووەوە، عێراق رووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە 1ی تشرینی یەکەمی رابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە ژمارەیەک کارمەندی پزیشکی، چێشتلێنەر، سەرتاش و کەسانی شارەزا بۆ رووبەڕووی گازی فرمێسکرێژ لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا کە ناوەندی چالاکی و گردبوونەوەی خۆپیشاندەرانە بلاوبوونەتەوە و خۆبەشخانە یارمەتی پێشکەش بە خۆپیشاندەران دەکەن.



خۆپیشاندانێکی جیاواز

ئەوەی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی رابردوودا جیا دەکاتەوە کە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە، خۆرسکانەیە و ناوی لێنراوە "شۆڕشی تشرین". خۆپیشاندەران مکوورن لەسەر داواکارییەکانیان بۆ دەستلەکار کێشانەوەی حکوومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و دوورخستنەوەی هەموو ئەو بەرپرسانەی تر کە بەتێوگلان لە گەندەڵی تۆمەتبارن. خۆپیشاندەران لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ تێپەڕکردنی ناوەڕاستی بەغدا و گەیشتن بە ناوچەی سەوز، بەڵام هێزە ئەمنییەکان بەتوندی رووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبنەوە و ڕێگری لە گەیشتنیان بە ناوچەیەکە دەکەن کە تێیدا بارەگای حکوومەت و پەرلەمان و مااڵی بەرپرسان و باڵیۆزخانە بیانییەکان دەکەونە ئەم ناوچەیەوە و لەالیەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەچڕی پاسەوانی دەکرێت. حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەو باوەڕەدابوو کە خۆپیشاندەران بێ هیوابن و کۆتایی بەخۆپیشاندانەکانیان بهێنن کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت و ڕۆشتنی پارتە دەسەاڵتدارەکان و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی هەروەها دادگاییکرن و سزادانی گەندەڵکاران دەکەن. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە چۆن دەیان خۆپیشاندەر بۆ زیاتر لە دوو هەفتەیە لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی شاری بەغدا بەشەو و بە ڕۆژ دەمێننەوە و ئەمنییەکانەوە بەچڕی پاسەوانی دەکرێت. حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەو باوەڕەدابوو کە خۆپیشاندەران بێ هیوابن و کۆتایی بەخۆپیشاندانەکانیان بهێنن کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت و ڕۆشتنی پارتە دەسەاڵتدارەکان و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی هەروەها دادگاییکرن و سزادانی گەندەڵکاران دەکەن. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە چۆن دەیان خۆپیشاندەر بۆ زیاتر لە دوو هەفتەیە لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی شاری بەغدا بەشەو و بە ڕۆژ دەمێننەوە و ئەمنییەکانەوە بەچڕی پاسەوانی دەکرێت. حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەو باوەڕەدابوو کە خۆپیشاندەران بێ هیوابن و کۆتایی بەخۆپیشاندانەکانیان بهێنن کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت و ڕۆشتنی پارتە دەسەاڵتدارەکان و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی هەروەها دادگاییکرن و سزادانی گەندەڵکاران دەکەن. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە چۆن دەیان خۆپیشاندەر بۆ زیاتر لە دوو هەفتەیە لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی شاری بەغدا بەشەو و بە ڕۆژ دەمێننەوە و

خۆبەخشانە دەکەین و ئەو کارەش بۆ چارەسەرکردنی خۆپیشاندەر بریندارەکان بەکاریان دەهێنن بەهەوڵی خۆمان دابینمان کردووە.

بە ئۆتۆمبێڵی بچووک بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکەین

کارمەندێکی دیکەی پزیشکی کە ئەویش خۆبەشخانە لە گۆڕەپانی تەحریردا تا ئێستا گیانی دەیان خۆپیشاندەری بریندارووی رزگارکردووە بە ناوی محەمەد سەعید دەڵێت: بەهۆی ئەوەی زۆر بە زەحمەتی ئامبوالنسەکان بۆ گواستنەوەی خۆپیشاندەر بریندارەکان دەگەنە گۆڕەپانی تەحریر، سەرەتا ئێمە خۆبەشخانە خۆپیشاندەر بریندارەکان چارەسەری سەرەتاییان بۆ دەکەین و دواتر بە ئۆتۆمبێڵی بچووک ڕەوانەی نەخۆشخانەیان دەکەین. محەمەد سەعید گوتیشی: هەموان هاوکاری یەکتر دەکەین و ئەو کارەش بۆ چارەسەرکردنی خۆپیشاندەر بریندارەکان بەکاریان دەهێنن بەهەوڵی خۆمان دابینمان کردووە.

پێدانی خواردن و خواردنەوە بە بێ بەرامبەر بە خۆپیشاندەران

کەسێک بە ناوی جەمیل کازم لە گۆڕەپانی تەحریردا، خواردن و خواردنەوە بەبێ بەرامبەر بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەش دەکات و لەوبارەوە دەڵێت: شوێنەکەم کە بەچەند مەترێک لە گۆڕەپانی تەحریرەوە دوورە، بەڵام خواردن و خواردنەوە بەبێ بەرامبەر بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەش دەکەم. جەمیل کازم باسی لە مەترسی شوێنەکەی کرد و گوتی: زۆر بە پەلە خواردن و خواردنەوە بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەش دەکەم، چونکە شوێنەکەم مەترسیدارە و لەهەر کات و ساتێکدا بێت لەوانەیە لە الیەن هێزە ئەمنییەکانەوە بکرێمە ئامانج. جەمیل کازم گوتیشی: لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێت کە چۆن پارەمان دەستدەکەوێت و ئەو خواردنە زۆرە ئامادە دەکەین و دواتر بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەشی دەکەین؟ ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەوەی دەوێت وەاڵمی ئەو پرسیارەی دەستبکەوێت با بێت لە گۆڕەپانی تەحریردا ئامادە بێت، بە چاوی خۆی ببینێت بزانێت چۆن هەموان پارە دەدەن و دەیخەنە ناو سندوقێک کە بۆ خواردن و خواردنەوەی خۆپیشاندەران دانراوە.

بوونی کەسانی شارەزا و لێهاتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گازی فرمێسکرێژ لە گۆڕەپانی تەحریر

کەسێک بە ناوی عەلی موسا کە شارەزایە لە ڕووبەڕبوونەوەی گازی فرمێسکرێژ لە گۆڕەپانی تەحریردا، خۆبەخشانە یارمەتی ئەو خۆپیشاندەرانە دەدات کە بەهۆی گازی فرمێسکرێژەوە بریندار دەبن دەڵێت: لەسەر داوی پزیشکێک پەڕۆیەک دەخەمە ناو پوتڵێکی ئاوی بچووک و دەیدەمە دەموچاوی ئەو خۆپیشاندەرەی کە گازی فرمێسکرێژیان بەردەکەوێت. عەلی موسا گوتیشی: ئەو کارەی دیکەم جگە لەوەی خۆبەخشانەیە، هەروەها چارەسەرێکی زۆر باشە بۆ ئەو خۆپیشاندەرانەی کە گازی فرمێسکرێژیان بەردەکەوێت. ناوبراو گوتیشی: لە سەرەتادا، هەموان خواردنەوە گازییەکانیان بۆ شوشتنی دەموچاوی ئەو خۆپیشاندەرانە بەکاردەهێنا کە گازی فرمێسکرێژیان بەردەکەوت، بەاڵم لەئێستادا ڕۆژانە دوو هەزار و 400 بوتڵی ئاوی بچووک ئامادە دەکەن و لە گۆڕەپانی تەحریردا بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەشی دەکەم بۆ ئەوەی لەو کاتەی گازی فرمێسکرێژیان بەردەکەوێت، دەموچاوی خۆیانی پێ بشۆن.

عێراق.. هەوڵەکانی سائیرون بۆ لێپرسینەوە لە عادل عەبدولمەهدی

فراکسیۆنی سائیرون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاگەیاند کە لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی لەسەر کێشە و گرفتەکان لێپرسینەوە لە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی بکرێت.

لەوبارەوە گوتەبێژی فراکسیۆنی سائیرون، حەمدوڵا ڕوکابی لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتوویەتی: لایەنەکانی نێو هاوپەیمانی سائیرون بەشێوەیەک ڕوون و ئاشکرا بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ ئەوەی بەپێی دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران لێپرسینەوە لە سەرۆکوەزیران بکرێت. حەمدوڵا ڕوکابی ئەوەشی گوتووە: لەئێستادا هەڵوێستمان لە بەرژەوەندی گەل و داواکارییە ڕاوەکانی خۆپیشاندەران سەرچاوەی گرتووە و بەهیچ شێوەیەک ناکرێت سازش لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی و مرۆیی خۆمان بکەین. جێی باسە کۆتایی مانگی ڕابردوو سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر داوای لەسەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی کردبوو بچێتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان.

عێراق.. خۆپیشاندانەکان 17 ڕۆژی تێپەڕکرد

ناڕەزایی و خۆپیشاندانی خۆپیشاندەرانی ناڕازیی لە بەغدا و شارەکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق دژی حکوومەتی وڵاتەکە ڕۆژی حەڤدیەمینی تێپەڕکرد، بەگوێرەی ئامارەکان تا ئێستا زیاتر لە 300 کەس بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکانەوە کوژراون.

خۆپیشاندەران مکوورن لەسەر داواکاری خۆیان بۆ لەکارخستنی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و دوورخستنەوەی بەرپرسانەی ترکە بەتێوگلان لە گەندەڵی تۆمەتبارن.

خۆپیشاندەران لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ تێپەڕکردنی چەند پردێکی ناوەڕاستی بەغدا و گەیشتن بە ناوچەی سەوز، بەاڵم هێزە ئەمنییەکان بەتوندی ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران دەبنەوە و ڕێگری دەکەن لەوەی تووڕەیی خۆپیشاندەران بگاتە ئەو ناوچەیە.

ناوچەی سەوز ناوچەیەکی هەستیارە و دەکەوێتە ناوەڕاستی بەغدا، بارەگای حکوومەت و پەرلەمان و مااڵی بەرپرسان و باڵیۆزخانە بیانییەکان دەکەونە ئەم ناوچەیەوە و لەالیەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەچڕی پاسەوانی دەکرێت. دوێنێش، هێزە ئەمنییەکان بۆ بااڵدەپێکردنی خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی خەاڵنی لە ناوەڕاستی بەغدا، بڕێکی زۆر بۆمبی گازی فرمێسک ڕێژیان هەڵدایە نێو خۆپیشاندەرانەوە، بەو هۆیەوە دەیان کەس لەخۆپیشاندەران بریندارببوون. هەروەها لە پاریزگای میسان باشووری عێراق، خۆپیشاندەران دەروازەی سنووریی شیبی لەگەڵ ئێران و ڕێگای یەک لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی شارەکەیان داخست.

لەالیەکی تریشەوە لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی کۆمار، ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق جەخت کرایەوە لە مافی ڕەوای داواکاری خۆپیشاندەران و وەاڵمدانەوەی داوا ڕەواکانیان، داواش کرا خۆپیشاندەران لەسەر شێوازی مەدەنی و ئاشتییانەی خۆیان بمێننەوە.

عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی ناسرییە چوار خۆپیشاندەر کوژران و 34ی دیکەش دەستگیرکران



سەرچاوەیەکی حکوومی ڕایگەیاند کە ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار، گەیشتە چوار کوژراو و 146 بریندار.

ئەمنییەکان گوللەی ڕاستەقینە و گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە و بەهۆیەوە چوار خۆپیشاندەر کوژراون و 146ی دیکەش بریندارببوون.

پزیشکی سەرچاوەیەکی پزیشکی لە عێراق ئاشکرایکردبوو کە هێزە ئەمنییەکان بەگازی فرمێسکڕێژ و گوللەی ڕاستەقینە بااڵدەیان بە خۆپیشاندەران کردووە لە شاری ناسرییە بەهۆیەوە چوار خۆپیشاندەر کوژراون و 90ی دیکەش بریندارببوون.

هەر سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ناسرییەوە، کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار، 34 خۆپیشاندەر لە الیەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون.

لە ڕاگەیاندنێکی باڵای مافەکانی مرۆڤ باڵویکردەوە پشت بەستن بە زانیارییەکانی تیمەکانیان، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان کە جێگەی نیگەرانییە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانییدا لە نزیک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و سەندیکای مامۆستایان لەسەر ڕاگەیاندنی دەوامی فەرمی ڕووداوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە لە میانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکەدا، 34 خۆپیشاندەر لە الیەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون.

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ بەهەموو شێوەیەک پەنابردن بۆ تووندوتیژی لە خۆپیشاندانەکان و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ بەرامبەر بە خۆپیشاندەران لە الیەن هێزە ئەمنییەکانەوە دووبارە ئاساییبوونەوەی ڕەوشەکە و دەستپێکردنەوەی دەوامی قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگەکان و داواش لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان کراوە کە خۆیان بە دوور بگرن لە پێکدادان و ڕووبەڕبوونەوە و هانی خۆپیشاندەران دراوە کە پابەندبن بە خۆپیشاندانی ئاشتیانە. جێی باسە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/11/12 ژمارە (5869)
خەبات

رۆژئاوای کوردستان... سێ تەقینەوە لە قامشلۆ رووياندا و دەیان قوربانی لێکەوتەوە



ئێوارەی دوێنێ دووشەممە سێ تەقینەوەی بەهێز شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستانی هەژاندو دەیان قوربانی لێکەوتەوە. سەرچاوە نێوخۆییەکانی قامیشلۆ رایانگەیاند دوو لە تەقینەوەکان لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە بووە، یەکێکیان لە نزیک کلێسای کلدانییەکان تەقیوەتەوە دووەمیشیان لە نزیکی بازاڕی ناوەندیی شارەکە تەقیوەتەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە تەقینەوەی سێیەم لە ڕێگەی ماتۆڕسکێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە بووە کە لەنزیکی ئامادەیی قادسیە لە شەقامی ئەلوەحدە تەقیوەتەوەو بەپێی قسەی شایەدحاڵەکانیش تەقینەوەکان قوربانی زۆری لێکەوتۆتەوە.

پەیامنێری تۆڕی میدیایی رووداو رایگەیاند، سێ تەقینەوە لەنێو قامشلۆ رووياندا چەند کەسێک کوژراو و بریندارببوون.لەبارەی تەقینەوەکانیشەوە پەیامنێری تۆڕی میدیایی رووداو رایگەیاندووە، کە سێ تەقینەوەکە یەک لەدوای یەک رووياندا و یەکێک لە تەقینەوەکان لە بازاڕی سەوزە و میوەی شارەکە بووە.

سەبارەت بە ژمارەی بریندارو شەهیدانیش دەڵێت: شەش کەس گیانیان لەدەستداوە و 33 کەسی دیکەش بریندار بوون.

کەرکووک.. تیرۆریستێکی داواکراوی داعش دەستگیرکرا

لە ناحیەی ریازی سەر بە قەزای حەویجە لە پارێزگای کەرکووک داواکراوێکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەستگیرکرا. فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، سەعد حەربیە رایگەیاند ئەو چەکدارەی داعشییان دەستگیرکردووە کە هاوکاری مادی بۆ ئەو ڕێکخراوە کۆدەکردەوە. حەربیە ئاماژەی بەوەش دا کە هێزە ئەمنییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر ناونیشانێک لە ناحیەی ریاز و گوتی: لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنەکەدا ئەو تۆمەتبارە دەستگیرکرا کە ئاوی لە لیستی داواکراواندا هەیە. ئەو تۆمەتبارە ماوەیەکە هاوکاری مادی بۆ داعش لە گوندەکانی ناحیەی ریاز کۆدەکردەوە. بەمە ببووە جێی سەرنجی خەڵک. ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە حوزەیرانی 2014 دەستی بەسەر یەک لە سەر سێی خاکی عێراقدا گرت کە شاری مووسڵیشی لەنێودابوو.


هژمارا پەنابەرێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ ژ 16 هزار کەسان دەرباز بوویە



بەرپرسێ راگەهاندنێ ل بۆردی کارۆبارێن مرۆڤایەتیی ل پارێزگەها دهۆکێ دیار کر کو ل گۆری دوومااهیی ئامارا گەهشتیە هەتا 14 هزار وزێدەتر ژ 700 پەنابەران کو ناڤێێن وان یێن هاتینە تۆمارکرن ل بەشی تۆماری ل بۆردی کارۆبارێن مرۆڤایەتیی ڤە. سالم سەعید، بەرپرسێ راگەهاندنێ ل بۆردی کارۆبارێن مرۆڤایەتیی ل پارێزگەها دهۆکێ بۆ (باسنیوز) دیار کر: "ل کەمپا بەردەرش هەتا نوکە زێدەتر ژ 14 هزار و 700 پەنابەرێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ هاتینە تۆمارکرن ژوانا ژی هەتا هزار و 500 پەنابەران ژ کەمپی دەرچوویە یێن چوویە دناڤ کەسوکارێن خودا ل کەمپا گەویلان ژی هەتا دوو هزاران کەسان هاتینە تۆمارکرن ژمارا گشتی پەنابەران یێن هاتینە تۆمارکرن ل سنۆری پارێزگەها دهۆکێ گەهشتنە زێدەار ژ 16 هزار پەنابەرێن رۆژئاڤایێ کوردستانێ ."خۆیا ژی کر: نوکە ئێدارا کەمپا بەردەرش ژلایێ دەزگەهێ خێرخوازی یێ بارزانی ڤە دهێتە ڕێڤەبرن و نوکە هندەک ڕێکخراوێن مرۆڤایەتیی پشتەڤانیی بۆ ئاوارە و پەنابەران دکەن ئەم داخازی دکەین زێدەتر هەڤکاریا پارێزگەها دهۆکێ بهێتە کرن بۆ خزمەتکرنا ئاوارا ن وپەنابەران ل سنۆرێ دهۆکێ.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێشخەرییەک بۆ عێراق دەخاتەڕوو

پێویستە بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە هێرشیانکردووەتە سەر سامانی گشتی و تایبەت



نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) رایگەیاند، دەستێشخەرییەکی بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراق خستووەتەڕوو کە چەند خاڵێک لەخۆدەگرێت. دەستێشخەرییەکە پشتی بەستووە بە کۆمەڵێک بنەمای چاکسازی کە دەبێت حکوومەت لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەپەلە ئەنجامی بدات.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردووە کە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و خۆپیشاندەران گفتوگۆیان کردووە و گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە چەند بنەمایەکی سەرەکی هەن ڕەچاو بکرێن لەوانە پاراستنی مافی هاوواڵتیان و دەستەبەرکردنی مافی گردبوونەوە و خۆپیشاندان لەگەڵ نازادی ڕادەربڕین وەک لە دەستووردا ئاماژەیان پێکراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق رایگەیاندووە، دەستێشخەرییەکی بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراق خستووەتەڕوو کە چەند خاڵێک لەخۆدەگرێت لەوانە پێویستە هێزە ئەمنییەکان دان بەخۆدا بگرن لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەراندا و هەروەها نابێت گازی فرمێسکڕێژ بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاربهێنن.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە یەکێک لە خاڵەکانی دیکەی نێو دەستێشخەرییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگە دایەڕووەریی بۆ قوربانیانی خۆپیشاندانەکان بەدیبێت و تاوانبارانیش سزا بدرێن و هەروەها بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە هێرشیانکردووەتە سەر سامانی گشتی و تایبەت.

هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق پێشنیازیکردووە کە لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەک سەرجەم خۆپیشاندەرانی گیراوەکان ئازاد بکرێن، دەست بکرێت بە لێکۆڵینەوە لە حاڵەکاتەکانی ڕفاندن و ئەنجامدەرانی ئاشکرا بکرێن و بدرێن بە دادگا.

هەر لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەدا، یۆنامی پێشنیازی ئەوەشی کردووە کە بەپەلە ئەو کەسانە ئاشکرا بکرێن کە بەرپرسن لە بەئامانجکردنی خۆپیشاندەران و بدرێن بە دادگا و، هەروەها ئەو کەسانەش سزا بدرێن کە گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق داواشی لە وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کردووە کە بەهیچ شێوەیەک دەستوەردەنە کاروباری ناوخۆی عێراق و ڕێزیش لە سەروەرییەکەی بگرن.

یۆنامی ڕاشیگەیاندووە کە پێشنیازێکی بۆ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا دەنگی لەسەر بدرێت.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیازی ئەوەشی کردووە کە لە میانی چاکسازییەکانی کەرتی ئاسایش، چەک تەنها لەدەستی دەوڵەتدا بێت، هەروەها سیاسەتمەدارانیش تەواوی سامانی دارایی خۆیان لە ناوە و دەرەوەی وڵات ئاشکرا بکەن، جگە لەوەش دەبێت پارتەکان لێژنە داراییەکانیان هەڵوەشێننەوە.

یۆنامی باسی لەوەشکردووە کە لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەدا داواییکردووە کە لە ماوەی سێ مانگدا کار بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بکرێت و دواتر هاووڵاتییان دەنگی لەسەر بدەن، هەروەها دۆسیەی گەندەڵی ڕەوانەی دادگا بکرێت و هەموو ئەو بەرپرسانەی کە تێوەگلان لە گەندەڵی دادگاییبکرێن، بەدەر لەوەش یۆنامی داوایکردووە هەندێک یاسا دەربکرێن وەک یاساکانی "ئەمەت لەکوێ بوو"، "دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی"، "چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون" لەگەڵ "نەوت و غاز".

تا ئێستا هیچ ڕوونکردنەوە و زانیارییەک لەوبارەوە لە لایەن کاربەدەستانی عێراقەوە بڵاونەکراوەتەوە.

کۆشکی سپی داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق دەکات

ئێران سەرچاوەکانی عێراقی وشککردووە و گرووپە چەکدارەکانیش بۆ ڕاگرتنی خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکان بەکاردەهێنێت

کۆشکی سپی داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە بەکارهێنانی تووندوتیژیی دژبە خۆپیشاندەران ڕابگرێت و هەروەها داواش دەکات، هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق ئەنجام بدرێت. کۆشکی سپی ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی خۆپیشاندانەکانەوە لە عێراق بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: ویلایەتە یەکگرتووەکان داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کۆتایی بەهێنێت بە تووندوتیژیی دژبە خۆپیشاندەران و پابەندی بەڵێنەکەی سەرکۆمار بەرهەم ئەحمەد سالح بێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و هەڵبژاردنی پێشوەختە.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: ئەمەریکا زۆر نیگەرانە لە هەمبەر بەردەوامی هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران، چالاکوانان، مەدەنی، ڕاگەیەندنکاران و هەروەها سنووردارکردنی ئینتەرنێت لە عێراق. کۆشکی سپی ڕاشیگەیاندووە: لە کاتێکدا ڕژێمەکەی ئێران سەرچاوەکانی عێراقی وشککردووە و گرووپە چەکدارەکان بەکاردەهێنێت بۆ ڕاگرتنی خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکان، گەلی عێراق بەرامبەر ئەوە بێ دەنگ نابێت و، سەردەڕای تووندوتیژیی خۆپیشاندانەکان کە کوژرانی لێکەوتووەتەوە و سنووردارکردنی ئینتەرنێت، بەڵام هەر دەنگی گەلی عێراق بیستراوە.

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە یەکی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەپێی دواینێ ئامار کە لە لایەن لێژنەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە خۆپیشاندانەکاندا تا ئێستا کوژراون گەیشتووەتە 319 کەس کە هێزە ئەمنییەکانیشیان تێدایە.

وەزیری کارەبا و پارێزگاری هەولێر هەردوو پرۆژەی وێستگەی گۆڕینی کارەبایان لە گردجوتیار و عەنکاوە کردەوە



سەرلەبەیانی دوێنێ رێکەوتی 2019/11/11 لەژێر چاودێری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؛ ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا بەیاوەری فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر دوو پرۆژەی گۆڕینی کارەبایان لەگردجوتیار و عەنکاوە لە شاری هەولێر کردەوە، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر چارەسەرکردنی بارزۆری ناوچەکانی بەحرکەو بەشێکی عەنکاوەو کۆمەڵگەی هەرشەم 2 و 3 و گەرەکی 33ی پارک و بەختیاری و نازناز و چەند گەڕەک و ناوچەیەکی دیکەی ناو شاری هەولێر هەیە.

لەمەراسیمێکدا کە بە یاوەری فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و بریکاری وەزارەتی کارەبا و راوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی کارەبا و قایمقامی هەولێر و ژمارەیەک لەبەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان بەڕێوەچوو؛ ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا پرۆژەی وێستگەی گۆڕینی ڤۆلتییەی 33kv/11 گرد جوتیاری کردەوەو لەوتەیەکیدا ئاماژەی بە گرنگی وێستگەکە کرد کە لەکاتی ئێستادا 4 فیدەری 11 کەی قی لێ دەرهێنراوەو چارەسەری بارزۆری بەشێک لە فیدەرەکانی بەحرکەی نوێ و دەوروبەری دەکات و پرۆژەکەش بەگوژمەی 3 ملیۆن دۆلار و 814 هەزار و 893 دۆلار لەلایەن کۆمپانیای مەلەکی لوبنانییەوە جێبەجێ کراوە.

دواتر لەمەراسیمێکیدا دیکەدا وەزیری کارەبا بەیاوەری پارێزگاری هەولێر پرۆژەی وێستگەی گۆڕینی کارەبای مۆبایلی عەنکاوەی کردەوە کە لەلایەن کۆمپانیای رۆشنا بە تێچوونی 347 ملیۆن و 193 هەزارو 600دینار جێبەجێ کراوەو شەش فیدەرەی 11 کەی قی لێ دەرهێنراوەو چارەسەری بارزۆری ناو عەنکاوە و ناوچەکانی هەرشەم 2 و هەرشەم 3 و گەرەکی32 پارک و بەختیاری و نازناز و کۆمەڵگەی جەژنیکان دەکات.

هەردوو پرۆژەکەش لەلایەن تیمەکانی گواستنەوەی وەزارەتی کارەباوە سەرپەرشتی کراون، لە لێدوانێکیشیدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن وەزیری کارەبا سوپاسی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد بۆ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ دەستپێکردنەوەی ئەنجامدانی کاری ژمارەیەک لە پرۆژەکانی کارەبا و بەستنەوەی ژمارەیەک لە وێستگەکانی دیکەش کە تەواو بوون بەڵام تا ئێستا نەبەستراونەتەوە بەتۆری کارەبای نیشتمانییەوە.

هەر لەو ڕێورەسمەدا لەوتەیەکیدا وەزیری کارەبا وێڕای سوپاسی پارێزگاری هەولێر بۆ گرنگیدان بە پرۆژەکانی کارەبا هاوکات باسی لەههەوڵەکانی وەزارەتی کارەباش کرد بۆ باشکردنی دۆخی کارەباو رایگەیاند، بەپاڵپشتی ئەنجومەنی وەزیران تەرکیزمان لەسەر ئەو وێستگانە کردۆتەوە کە بەهۆی قەیرانی دارایییەوە کارەکانیان تەواو نەبووە یاخود پرۆژەکە تەواو بووەو وێستگەکان نەبەستراونەتەوە بەهێڵی کارەبای نیشتمانییەوە ، ئەمە وێڕای ئەوەی لەهەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک 52 هەزار و 700 پێوەری زیرەک بەستراوەو پرۆژەکەش بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت، هەروەها لەکاتی ئێستادا وەزارەتی کارەبا بەبڕی 7000 میگاوات کارەبا توانای بەرهەمهێنانی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکات و لەبەر زۆری سوتەمەنی بۆ بەگەڕخستنی ئەو وێستگانە لە ئێستادا تەنیا 3500 میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنرێت و چاوەڕوان دەکرێت لەکۆتایی ئەمساڵدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی زیاد بێت و بەمەش ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەرز دەکەینەوە.

لە وتەیەکیشدا فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر وێڕای سوپاسی وەزارەتی کارەبا بۆ ئەنجامدانی ئەو دوو پرۆژەیە و هەوڵەکانی بۆ باشترکردنی دۆخی کارەبا ، ئاماژەی بەوە هەڵمەتەش کرد کە بەمنزیکانە بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەدەچێت بۆ بنبڕکردنی سەرپێچیەکانی کارەبا لە شاری هەولێر و تەواویی پارێزگاکە ، لەتەوەرێکی قسەکانیشیدا پارێزگاری هەولێر باسی ئەو بارزۆرییەی سەر محاویلە و وێستگەکانی کارەبا کرد کە لەناو گەڕەکەکانی شاری هەولێر و سەرجەم قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە ڕووبەڕوویان بووەتەوەو ئومێدی خواست بەهاوکاریی وەزارەتی کارەبا چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە.



عەلی حسێن سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر کرد

دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر کرد، لەلایەن بەڵێن عەبدوللا و بەهمەن حوسێن ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشوازی کرا..

لە دیدارێکدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات وگۆرانکارییەکان و هەنگاوەکانی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و ڕەوشی ناجێگیری ڕۆژئاوای کوردستان باسی لێوەکرا، هاوکات باس لەو هەنگاو و دەست پێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستن و یەک گوتاری پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەگشتی و هەمواری پرسی دەستور هاتۆتە ئاراوەکرا، هاوکات خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەت کردن بەپرسە دیموکراتییەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولا و پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان تیشکی خرایەسەر، هەروەها لەو دیدارەدا تەئکید لەهۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پالپشتی کردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

بەرپرسێ لقا ئێک ل ڕەوشا دایکا دوو شەهیدان د پرسیت



سەربەست ترونشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان سەرامالباتا »عائیشا محمد خالد «دایکا دوو شەهیدان دا، ژ نێزیکڤە هایداریێ ڕەوشا وێ یا تەندروستی بۆ کو لقێ دوماهیکێ هەڤڕێزینەخوشیا گولجیسکا بوویە، ئەڤە و بەرپرسێ لقێ گوت : ئەو نان و ئاڤێن خەلکێ کوردستانێ د خون ب سایا عەزیزێن هەوە بوویە و بروندکێن هەوە ژی ئەڤرو یا کوردستانێ ئاڤا بوویە هەروەسا بەرپرسێ لقێ ئامادەبوونا خوە ژی بۆ هەر هاریکاریەکێ و پشتەڤانیەکێ دادیارکرن. دایکا هەردوو شەهیدان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ چاڤدێریا ساخلەمیا وێ و گوت : هاتنا تە برین من سارێژ کرن.

زێدەڕۆیی سەر زەوی پێکهاتەکان لادەبرێت

بە یاسا پارێزگاری لە زەوی پێکهاتەکان دەکرێت و نوێنەرێکی کریستیانەکانیش دەڵێ، لە زۆربەی ناوچەکان زێدەڕۆیی کراوەتە سەر زەویی کریستیانەکان و خەریکی لابردنی ئەو زێدەڕۆییانەن. کلارا عودیشۆ، نوێنەری کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە نزیکەی 55 گوندی کریستیان زێدەڕۆیی کراوەتە سەر زەویی کریستیانەکان و لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی زەویی کریستیانەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی یاساوە مافی هاوواڵتیانی کریستیان پارێزراو دەبێت، لەچەند ڕۆژی ڕابردووشدا کێشەی گوندی تەقەڵی سەرووی سەر بە قەزای ئامێدی، کە مووکی کریستیانەکانە چارەسەرکرا و زەویەکان بۆ کریستیانەکان گەڕێندرانەوە، دوای ئەوەی زێدەڕۆیی کرابووە سەریان. ئەو نوێنەرەی کریستیانەکان دەشڵێت: لە کاتی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بەناوکردنی زەویی زێدەڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان توانیومانە بڕگەیەکی تێدا جێگیر بکەین، بەوەی کە تاپۆکردنی زەوی و خانووی زێدەڕۆ بە هیچ شێوەیەک زەویی کریستیانەکان نەگرێتەوە، واتە ئەگەر زێدەڕۆییەکە لەسەر زەویی پێکهاتەکان بێت، تاپۆ ناکرێت و یاساکە نایگرێتەوە.

بەرپرسی لقی 26ی گوڵان بەشداری لە یادی لەدایکبوونی پەیامبەری ئیسلام کرد



ڕۆژی 2019/11/11 حەسەن حەدۆ، بەرپرسی لقی 26ی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ کارگێڕان و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی بالەک و مامۆستایانی ئایینی و بەرپرسانی حکومی و جەماوەری بالەکایەتی، بەشداری لە ڕێوڕەسمی یادی لەدایکبوونی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) لە مزگەوتی گەورەی چۆمان کرد.

ڕێوڕەسمەکە لەلایەن تێبینەرایەتی ئەوقافی چۆمان بەهاوکاری ناوچەی چۆمانی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان ڕێکخرابوو، کە تیایدا کۆمەلێک وتار و سروودی ئایینی پێشکەش کران.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ سەرۆکی دەستەی گەشەپێدانی بازرگانی و ئابووریی ئێران کۆبوونەوە



دوێنێ دووشەممە 11ی نۆڤەمبەری 2019 ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە حەسەن دانایی فەرِ سەرۆکی دەستەی گەشەپێدانی بازرگانی و ئابووریی ئێران لە عێراق و سووریا ، کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە کۆمپانیای جێبەجێکاریی پرۆژەی ئاوی ئاکرێ ئامادەی بوو ، پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەت کردن بەپرسە دیموکراتییەکان و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات وگۆرانکارییەکان و هەنگاوەکانی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و ڕەوشی ناجێگیری ڕۆژئاوای کوردستان باسی لێوەکرا، هاوکات باس لەو هەنگاو و دەست پێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستن و یەک گوتاری پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەگشتی و هەمواری پرسی دەستور هاتۆتە ئاراوەکرا، هاوکات خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەت کردن بەپرسە دیموکراتییەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوولا و پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان تیشکی خرایەسەر، هەروەها لەو دیدارەدا تەئکید لەهۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پالپشتی کردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

لە کۆبوونەوەکەی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و شاندی میوان، جەخت لە پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان و خزمەتگوزارییەکان کرایەوە.

لە ڕێزبەندی QSی نێودەوڵەتی.. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان یەکەمە

لە حاجی ئۆمەران زیاتر لە نیو تۆن خۆخی ئێرانی لەناو برا

بەهۆی دەرنەچوون لە تاقیگەی فیزیایی بنکەی کەرەنتینەی کشتوکاڵی حاجی ئۆمەران، پێنج سەد کیلۆ خۆخی ئێرانی دەستی بەسەردا گیراوە و لەناو براوە.

سیروان حوسێن، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کەسێک دەیویست بارێک خۆخی ئێرانی بهێنێتە ناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، کە بریتی بوو لە زیاتر لە پێنسەد کیلۆ میوەی خۆخ، دوای پشکنین بەهۆی دەرنەچوون لە تاقیگەی فیزیایی بنکەی کەرەنتینەی کشتوکاڵی حاجی ئۆمەران، بڕیە گواستراوەتە بۆ شوێنێکی گونجاو و لەنێو براوە، چونکە بۆ خواردن گونجاو نەبووە.

گوتیشی: بەپێی ڕێنماییەکان ڕێگە بە هاوردەکردنی نادرێت بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، چونکە خۆخەکە ڕزیوە و بۆگەن و خراپ بووە، بۆیە لەلایەن لێژنەی هاوبەشی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران ڕێگری لێکرا.

لە ڕێزبەندی QSی نێودەوڵەتی.. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان یەکەمە

پێگەی کیو ئێس، پێگەیەکی نێودەوڵەتیە کە سااڵنە ڕیزبەندی زانکۆکان لەسەر چەندین پێوەری زانستی بااڵودەکاتەوە، بۆ ساڵی 2020 نوێترین ڕیزبەندی بااڵکردەوە، کە تەنها 130 زانکۆ لە ووڵاتە عەرەبییەکان توانیویانە خۆیان بگەیێننە ئاستی ئەو ڕیزبەندیە، کە زانکۆی سەلاحەدین یەکێکە لەو زانکۆیانەی توانی بگاتە ئەو ڕیزبەندیە. لەسەر ئاستی عیراق زانکۆی سەلاحەدین لە دە زانکۆ یەکەمەکانە، هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش لە پلەی یەکەمدایە کە زانکۆی سلێمانی بە جیاوازیەکی زۆر لە پلەی دووەمدایە. لە دەرەنجامی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، زانکۆی سەلاحەددین بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانی داتا و زانیاریەکانی خۆی بەشێوەیەک ڕێکبخاتەوە کە بیگەیەنێتە ئەو پلەی کە شایستەیە بە پێگەی ئەو زانکۆ ڕەسەنە، لە نوێترین دەرەنجامیشدا دەرکەوتنی زانکۆی سەلاحەدینە لە ڕیزبەندی نێودەوڵەتی QS کە تایبەتە بە زانکۆ پێشکەوتووەکان. جگە لەمە زانکۆی سەلاحەددین توانیویەتی خاڵێکی زۆر لەو ڕیزبەندیە کۆبکاتەوە، ئەمەش دەرخەری پێگە ڕاستەقینەکەی زانکۆی دایکە. بەم بۆنەیەوە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد دزەیی ئەوەی ڕاگەیاند: ئامانجی زانکۆی سەلاحەدین گەیشتنە بەو پێگەیەی کە شایەنی ئەو ئاستە بەرزەی مامۆستا و توێژەرانی بێت، بۆیە ئێمە کارمان لەسەر ئەوە کردووە کە لەگەڵ بااڵبوونەوەی هەر ڕیزبەندیەک پێشکەوتنێکی بەرچاو لە زانکۆی سەلاحەدینەوە ببینن، بۆیە وا پێشبینی دەکەین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یەکەمی بێ ڕکابەربین، ئەمەش بەرمەبنای ئەو داتا و ژمارانەی کە زانکۆی سەلاحەدین هەڵگریەتی لەگەڵ جیاوازی زۆری ژمارەو ئامارەکانمان لەگەڵ کۆی زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەڕیزبەندی QSی نێودەوڵەتیش ووتی: ئەم ڕیزبەندییە باشترین بەڵگەیە بۆ پێشەنگ بوونی زانکۆی سەلاحەدین و پێشکەوتنی بەردەوامی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و لەسەر ئاستی جیهانیش، بۆیە هەمیشە چاوەڕوانی چوونە پێشەوەی زیاتر لە زانکۆی سەلاحەدین دەکرێت.

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان زیادیکردووە

کۆڕستان محەمەد: دەمانەوێ بزانین پێداویستییەکان و مامەڵەی کارمەندەکان لەگەڵ زیندانییەکان چۆنە

ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد: لە هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەیە و نزیکەی 4600 سزادراو هەن



خەبات: هەولێر

لە هەرێمی کوردستان سێ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لەهەریەک لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک هەیە کە تایبەتە بەو ژن و منداڵانەی بە تاوانی جۆراوجۆر سزا دەدرێن و وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش نیگەرانە لە بچووکی شوێنی ئەو سزادراوانە و هاوکات رایدەگەیەنێت کە ژمارەی سزادراون بەرزبووەتەوە و بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر ئاشکرای دەکات کە ماوەی سااڵێک دەبێت ڕێژەیەکی زۆر ئافرەت بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزاداون و هۆکاری بەرزبوونەوەی ئەو ڕێژەیەش بۆ وڵاتانی دەوروبەر دەگەڕێنێتەوە.



وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کۆڕستان محەمەد دەڵێت: ئەم شۆینانە بۆ ڕێژەیەکی دیاریکراو دروستکراون و ئێستاش ژمارەکان زیادیاندکردووە، لە هەمانکاتدا پێویستە ماددەکانی تاوان لە ژوورەوە پۆڵێن بکەین و تاوانباران لەیەکتر جیابکەینەوە.

بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر تەیب عەبدولعەزیز گوتیشی: سااڵێک دەبێت ڕێژەیەکی زۆر ئافرەت بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون و جەخت لەوە دەکاتەوە لەماوەی یەک سااڵی ڕابردوو ژمارەی ئەو کەسانەی بە تاوانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون ڕوو لە هەڵکشانە و وڵاتانی دەوروبەریش بە هۆکار دەزانێت.

بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر تەیب عەبدولعەزیز هۆشداری دەدات لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو کەسانەی بە تاوانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون و جەخت لەوە دەکاتەوە لەماوەی یەک سااڵی ڕابردوو ژمارەی ئەو کەسانەی بە تاوانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون ڕوو لە هەڵکشانە و وڵاتانی دەوروبەریش بە هۆکار دەزانێت.

بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر تەیب عەبدولعەزیز گوتی: لە هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی هەیە لە هەولێر سلێمانی و دهۆک، سەرجەم ئەو کەسانەی کە تیایندا بەندکراون بریتیین لە نزیکەی چوار هەزار و 600 سزادراو بە پیاو، ژن و منداڵ.

هاوکات بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان لە هەولێر تەیب عەبدولعەزیز هۆشداری دەدات لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو زیندانییەکانە، چونکە ئەم شوێنانە بۆ ڕێژەیەکی دیاریکراو دروستکراون و ئێستاش ژمارەکان زیادیان کردووە، لە هەمانکاتدا پێویستە ماددەکانی تاوان لە ژوورەوە پۆڵێن بکەین و تاوانباران لەیەکتر جیابکەینەوە.

لەبارەی ژمارەی زیندانەکان لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی ژنان و منداڵان، کۆڕستان محەمەد گوتیشی: هۆکارێکی دیکەی سەردانەکەمان بابەتی شوێنی هۆبە هەیە کە لە بوارە جیاجیاکان خزمەت بە زیندانییەکان دەگەیەنێت و ئەوانیش بریتین لە بەشەکانی قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، کتێبخانە، هۆڵی فێرکاری، یاریگا، بەشی فێربوونی میوزیک و چەند بەشێکی دیکەش کە هەموو بەشەکان دەتوانن سوودی لێ وەرگرن.

تەیب عەبدولعەزیز گوتیشی: لێرە سێ بەش هەیە کە بریتیین لە بەشی سزاداون، ڕاگیراوان و بەشی منداڵان کە ژمارەیان 359 کەسە و لەو ژمارەیەش 300 کەس لە بەشی ڕاگیراوان و سزاداوانن و 59 منداڵیش لە بەشی منداڵانن، ئەو منداڵانەیش کە لەگەڵ دایکیان گیراون.

لەبارەی ئەو تاوانەی کە زۆرترین کەسی پێ سزاداوە و لە زیندانەکانی چاکسازی ژنان و منداڵان، تەیب عەبدولعەزیز گوتی: سااڵێک دەبێت دۆسیەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و ئەمەش هۆکارەکەی بۆ سنوورەکانی وڵاتانی دراوسێ دەگەڕێنێنەوە کە لەوێیەوە دێنە هەرێمی کوردستان.

هەولێر.. پێشانگایەک بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان بەڕێوەچوو

هاوواڵاتیانی شاری هەولێر بەگەرمی بەشداریان لە پیشانگاکە کرد

ئازاد محەمەد: پارێزگاری هەولێر شوێنەکەی بۆ دابینکردین و خەڵکی ئەم شارەش تا بەیانی هاوکارییان کردین







خەبات: هەولێر

لە هەولێر پێشانگای بەرهەمە ناوخۆییەکانی کشتوکاڵ کرایەوە و چەندین بەرهەمی جیاواز تێیدا نمایش کراون و ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت. جووتیاری بەشداربووی نمایشەکە، ئازاد محەمەد دەڵێت: لەم پێشانگایەدا، چەندین میوەمان نمایشکردووە و مەبەستمان ئەوەیە کە بەرهەمی ناوخۆیی نیشانبدەین و لە هەمانکاتدا داوا لە حکوومەت دەکەین کە بەبازاڕکردنمان بۆ بکات.

لە چوارچێوەی بەبازاڕکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان، ئەمڕۆ یەکشەمە، چەندین جووتیاری هەڵەبجە پیشانگای بەرهەمە ناوخۆییەکانیان لە پێش پارکی شانەدەر لە هەولێر کردەوە و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، هاوواڵاتیانی شاری هەولێریش بەشێوەیەکی گەرم بەشداریان لە پیشانگایەکە کردووە بە مەبەستی کڕینی بەرهەمە خۆماڵییەکان.

لەو پێشانگایەدا چەندین جۆر میوەی وەک تری، هەنار، خەیار، باینجان و چەندین جۆر هەنگوین، چای، زەنجەفیل، زەردەچەوە و برنج نمایشکراون. یەکێک لە جووتیارەکان بەناوی ئازاد محەمەد گوتی: لەم پێشانگایەدا، چەندین میوەمان نمایشکردووە و مەبەستمان ئەوەیە کە بەرهەمی ناوخۆیی نیشانبدەین و لە هەمانکاتدا داوا لە حکوومەت دەکەین کە بەبازاڕکردنمان بۆ بکات.

ئازاد محەمەد گوتیشی: پارێزگاری هەولێر شوێنەکەی بۆ دابینکردین و خەڵکی ئەم شارەش تا بەیانی هاوکارییان کردووین بۆیە ئەمشەویش لێرە دەمێنینەوە و بەیانیش نمایشەکە بەردەوام دەبێت.

جێی ئاماژەیە لەم نمایشکردنەدا، بابەتی سەرەکی میوەی هەنارە کە تیایدا 15 تۆن نمایشکراوە و هاوواڵاتییانیش بەشی زۆری کڕینەکانییان بابەتی هەنارە.

شایەنی باسە ڕۆژی 2019/10/16 لەمیانی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەند تەوەرێک خرانەبەرباس و گفتوگۆ کە یەکێک لە تەوەرەکان کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی پێدا، گرنگیدان بوو بە کەرتی کشتوکاڵ و ڕایگەیاند کە یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە پێویستە کار لەسەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بکەن و هەوڵیش بدەن بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە.

شارەش تا بەیانی هاوکارییان کردووین بۆیە ئەمشەویش لێرە دەمێنینەوە و بەیانیش نمایشەکە بەردەوام دەبێت.

جێی ئاماژەیە لەم نمایشکردنەدا، بابەتی سەرەکی میوەی هەنارە کە تیایدا 15 تۆن نمایشکراوە و هاوواڵاتییانیش بەشی زۆری کڕینەکانییان بابەتی هەنارە.

شایەنی باسە ڕۆژی 2019/10/16 لەمیانی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەند تەوەرێک خرانەبەرباس و گفتوگۆ کە یەکێک لە تەوەرەکان کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی پێدا، گرنگیدان بوو بە کەرتی کشتوکاڵ و ڕایگەیاند کە یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە پێویستە کار لەسەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بکەن و هەوڵیش بدەن بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە.

لە ماوەی ڕابردووشدا، لە چوارچێوەی سیاسەتی بەبازاڕکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و پەرەپێدانی بەروبوومی ناوخۆیی و دڵنەواییکردنی جووتیاران، وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاری هاوردەکردنی تەماتەی لە 9/1ی ئەمساڵ دا و دواتریش لە ڕۆژی 9/10 بە هەمانشێوە بڕیاری هاوردەکردنی هەناری بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستاندا.

www.xebat.net
ڕۆژنامەی خەبات
سێ شەممە 2019/11/12 ژمارە (5869)

لە هەموارکردنی دەستووردا ئێمە دەتوانین پاڕێزگاری لە مافەکانمان بکەین



کاروان محەمەد سینۆ

لە 25ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو نارەزایی و خۆپێشاندان سەریان هەڵدا بەرامبەر دۆخ و دەسەڵاتی عێراق لە ئەگەری بوونی گەندەڵی و دەستوەردانی دەرەکی لە سیاسەت و ناوەندی بڕیاری عێراق و نەبوونی خزمەتگوزاری و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری خەڵکی عێراق و تەراتێنی حزبە ئایینیی و تایفی و مەزهەبییەکان لە مەیدانی کاری سیاسیدا، بەم شێوەیە عێراق خزایە نێو زۆلکاوی و قەیرانێکی سیاسی ترسناک کە مەترسی تێکچوونی شیرازی حکومڕانی و دەسەڵاتی لێ دەکرێ.

ڕاستە خۆپێشاندان و داوای خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و بەربەرەکانی گەندەڵی مافی هەر هەوڵاتییەکە لە هەرکات و شوێنێکدا، بەڵام پێدەچێ خۆپێشاندان و نارەزاییەکانی ئەمجارەی شەقامی عێراق لەم سات و ئانەدا هەروا ڕەمەکی و خۆرسک نەبێ؟! (ئەگەرچی وەکو گوتمان داوای خۆشگوزەرانی مافی خۆرسکی هەر مرۆڤێکە)، سەرتا خۆپێشاندانەکان بەنەفەس و داواکاری خۆرسکانە سەریان هەڵدا، بەڵام پێم وایە ئەو خۆرسکەیەش لەپشت پەردەوە پاڵنەرێکی دژە حزبە ئیسلامییەکانی لەپشتی بوو، بەتایبەت دژی حزبە شیعییەکان (بیرمان نەچێت کە هاوکات لە لوبنانیش هەمان سیناریۆ هەبوو). ئینجا حزب و لایەن و میلیشیا شیعەکان بە ئاگاهاتن و بەرگی سیاسییان کردە بەر داواکاری و دروشمەکانی خۆپێشاندەران. سەرەتا هەندێک حزب و لایەن و میلیشیا خواستیان سووڕی مەوجەی خۆپێشاندەران بێن دژی ڕکابەرەکانیان کە لەدەسەڵاتدان، بەڵام دوایی بینیمان کە خۆپێشاندەران ئەمەیان قبوڵ نەکرد و تەنانەت (موقتەدا سەدر)یان لە نێو ئاپۆرای خۆپێشاندان ڕاونا و دەرکرا. ئەمەش زەنگێکی ترسناک بوو بۆ حزبە ئیسلامییە شیعەکان کە لەژێر هەژموونی ئەجندای وڵاتێکی دراوسێدان. ئینجا کە ڕێگە نەدرا حزب و لایەن و گروپەکان سورای مەوجەی خۆپێشاندەران بێن و کۆنترۆلی بکەن، بینیمان دروشم و خواست و ئەلتەرناتیڤی دیکەی سیاسی لەم بارودۆخەدا بەرزکرایەوە و دەمودەست خرایە بەردەم دەسەڵات، ئەویش گۆڕین و هەموار کردنەوەی دەستوور و گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات بەهاوکاری و پشتگیری ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە کوردستان و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئەوروپا. ئەمەش زەنگێکی ترسناک بوو بۆ حزبە ئیسلامییە شیعەکان کە لەژێر هەژموونی ئەجندای وڵاتێکی دراوسێدان. ئینجا کە ڕێگە نەدرا حزب و لایەن و گروپەکان سورای مەوجەی خۆپێشاندەران بێن و کۆنترۆلی بکەن، بینیمان دروشم و خواست و ئەلتەرناتیڤی دیکەی سیاسی لەم بارودۆخەدا بەرزکرایەوە و دەمودەست خرایە بەردەم دەسەڵات، ئەویش گۆڕین و هەموار کردنەوەی دەستوور و گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات بەهاوکاری و پشتگیری ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە کوردستان و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئەوروپا. ئێمە لە خواستی ڕەوای خۆپێشاندەران دەکەین، هەروەها لەوباوەڕەداین کە بەخۆپێشاندەران و دژی حزبە ئیسلامییەکان دەڵێت (یان دەبێ دۆخی عێراق وەکو خۆی بمێنێتەوە، یان ئێمە هەموو شتێک تێکدەدەین و دەڕووخێنین).

بەهەرحاڵ... ئێمەی کورد دەزانین کە قەیرانی ئەمڕۆی عێراق پەیوەندی بە ئێمەوە نییە (وەکو خواستی ڕەوای خۆپێشاندەران) بەڵام هەڵبەت ئەوەی لە بەغدا دەگوزەرێ (بە ئەرێنی و نەرێنی) کاریگەری لەسەر کوردستان دەبێت، بەتایبەت دەربارەی گۆڕین و هەموارکردنەوەی دەستوور. ئێمە لە کوردستان پشتگیری لە خواستی ڕەوای خۆپێشاندەران دەکەین، هەروەها لەوباوەڕەداین کە کێشەکانی عێراق لە نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی و ناهەمواری ژیانی خەڵکی عێراق تەنها لە ئەگەری حوکمڕانی یەکسانەی عادل عەبدەلمەهدی نەبووە، بەڵکو کێشەکان کەڵەکەبووی هەڵەی حوکمڕانی ناتەندروستی پازدەساڵەی ڕابردووە، هەروها کێشەکان لە ئەگەری بوونی دەستووری ئێستای عێراق نییە، بەڵکو لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی دەستوور و گەندەڵی و پاشاگەردانی بەرپرس و حزب و لایەن و میلیشیا مەزهەبی و تایفییەکانە. بەڵام ئەگەر کار بەو ئاراستەیەکرا کە دەستوور بگۆڕدرێ و هەموار بکرێ، ئەوا پێویستە ئێمەی کێشەکانی عێراق لە نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی و ناهەمواری ژیانی خەڵکی عێراق تەنها لە ئەگەری حوکمڕانی یەکسانەی عادل عەبدەلمەهدی نەبووە، بەڵکو کێشەکان کەڵەکەبووی هەڵەی حوکمڕانی ناتەندروستی پازدەساڵەی ڕابردووە، هەروها کێشەکان لە ئەگەری بوونی دەستووری ئێستای عێراق نییە، بەڵکو لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی دەستوور و گەندەڵی و پاشاگەردانی بەرپرس و حزب و لایەن و میلیشیا مەزهەبی و تایفییەکانە. بەڵام ئەگەر کار بەو ئاراستەیەکرا کە دەستوور بگۆڕدرێ و هەموار بکرێ، ئەوا پێویستە ئێمەی کورد خۆمان بۆ ئامادە بکەین. وەکو گوتمان خواستی گۆڕین و هەموارکردنی دەستووری عێراق، خواستێکی سیاسییە و لایەن و گروپ و حزبی سیاسیی لەپەشتە نەک هاوڵاتیان و جەماوەری سڤیلی عێراق، بۆیە دەبێ خۆئامادەکردنی ئێمەی کوردیش بەشێواز و ئاستێکی سیاسی بێت هاوتەریب لەگەڵ ئامادەکاری یاسایی کە دەبێ پسپۆر و شارەزایانی یاسایی و سیاسیی تێیدا بەشداربن. هەروەها لە سەر ئاستی یەکریزی ناوماڵی کوردستان، پێویستە ئەم مژارە (گۆڕین و هەموار کردنی دەستوور) بۆ هەموو لایەن و حزب و گروپ و نەتەوە و ئاین و ئایننزاکانی کوردستان ڕوون بکرێ و شلۆڤە بکرێ، پێویستە هەموو کوردستانییەک لە هەستیاری ئەم مژارە ئاگاداربکرێتەوە. پێویستە (نەک تەنها کورد) بەڵکو هەموو کوردستانیان بەرامبەر ئەم دۆزە یەک دەنگ و یەکریز و یەک هەڵوێست بن. هەروەها پێویستە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا هەموو جۆرە ناکۆی و ناتەباییەکی خۆیان وەلا بنێن و بەیەک دەنگ دژی هەر هەوڵێک بوەستن کە لە ماف و دەسەڵات و خواستەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە.

شایانی باسە پڕۆسەی گۆڕین و هەموارکردنی دەستووری عێراق، پڕۆسەیەکی ئاسان و ئاسایی نییە. بەڵکو خودی ماددەی (126)ی دەستووری عێراق، لەچوار بڕگەدا بەم شێوەی خوارەوە میکانزمی چۆنیەتی هەموارکردنەوەی دەستوورەکەی سنووردار کردووە:

لە بڕگەی یەکەمی ماددەی(126) هاتووە کە پێویستە سەرۆک کۆمار و وەزیرەکان هەموویان بەیەکەوە پێشنیاری هەموارکردنەوەی دەستوور بکەن، یاخود پێنج یەکی ئەندامانی پەرلەمان داواببکەن کە دەستوور هەموار بکرێ. بۆیە لەسەر داوای چەند حزب و لایەن و میلیشیایێک نابێ دەستور هەموار بکرێ.

لە بڕگەی دووەمی ماددەی(126) هاتووە کە نابێ بنەما سەرەکییەکانی دەروازەی یەکەم و ماف و ئازادییەکانی نێو دەروازەی دوومی دەستوور هەموربکرێ، تاکو پاش دوو خولی هەڵبژاردنی دواییەک و دەبێ ڕەزامەندی دوولەسێی ئەندامانی پەرلەمان وەرگرێ و هەروەها ڕەزامەندی گەل وەرگرێ لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا و لەلایەن سەرۆک کۆمار پەسند بکرێ.

لە بڕگەی سێهەم ماددەی(126) هاتووە کە نابێ هیچ ماددەیەک هەموار بکرێ بێجگە لەوانەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە (126) هاتووە، ئەگەرنا دەبێ ڕەزامەندی دوولەسێی ئەندامانی پەرلەمان وەرگرێ و هەروەها ڕەزامەندی گەل وەرگرێ لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا و لەلایەن سەرۆک کۆمار پەسند بکرێ.

لە بڕگەی چوارەمی ماددەی(126) هاتووە کە نابێت گۆڕانکاری لەسەر هیچ ماددەیەکی دەستوور بکرێ کە ببێتە ئەگەری کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێمەکە و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمەکە، بە ریفراندۆمێکی گشتی.

لێرەدا دەبینین کە گۆڕین و هەموارکردنی دەستووری عێراق کارێکی ئاسان و ئاسایی نییە و ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکیش بکرێ دەبێ لە چوارچێوەی ئەم چوار بڕگەی سەروەدابێت و لە ئەنجامیشدا دەبێ بەرەزامەندی خودی هەرێمەکە بێت. بۆیە ئێمەی خەڵکی کوردستان لە پڕۆسەی هەموارکردنی دەستوردا دەتوانین پاڕێزگاری مافەکانمان بکەین. بێشک یەکریزی و یەک هەڵوێستی و یەکدەنگی ئێمەی خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، زامنی ماف و دەسەڵاتەکانی ئێمە دەبێت. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پسپۆر و شارەزای سیاسی و یاسایی لێهاتووانە خۆیان ئامادە بکەن بۆ پاراستنی مافەکانمان ئەگەر پڕۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق ئەنجامدرا.





دلاوەر محەمەد جاوەکەی

ئاسایشی ناوخۆ بە شێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی

یەکێک لە پرنسیپە گرنگەکانی ئاسایشی هەموو نەتەوەیەک دابینکردنی ئاسایش و ئۆقرەیی ناوخۆیە، چونکە ئۆقرەیی و هێمنی وڵات بوار دەرخسێنێت بۆ هاووڵاتیان و دامەزراوە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بڕەو بدەن بە چالاکییەکانیان و هەموو هێزە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بخرێنە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی و گرێدانەوەی چالاکییە هەمە چەشنەکان بە یەکتر .

ئاسایش و هێمنیش لەخۆوە نایەتە دی بەڵکو هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی دەوێت و پێویست دەکات ڕۆڵەکانی نیشتمان بە بایەخەوە بڕوانە ئەم چەمکە ژیاریە و زەمینەی بۆ بڕەخسێنرێت و لە ڕووی فیکر و ئایدیۆلۆژییەوە کار و پلانی بۆ ڕێکبخەن.

هەرکات هێمنی و ئاسایش دەستەبەر کرا بێگومان زەمینەی دابین کردنی بوارەکانی تری ئاسایشی نەتەوەیی دەڕەخسێنرێت وەکو ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی سەربازی و لایەنە جیاجیاکانی تری ئاسایشی نەتەوەیی .

هیچ کاتێک لە پشێوی و پاشاگەردانی و بێ سەروبەری و فەوزای سیاسی ناتوانرێت بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی پارێزراو بێت، یان بەمانایەکی تر ناتوانرێت پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی وڵات بکرێت. خاڵی لاوازی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ئەوەیە گرنگی نادەن بە ئاسایش و ئۆقرەیی و هێمنی ناوخۆ، هەر ئەمەشە وای کردووە دوچاری لێکترازان و هێرشی ئابووری و سیاسی و داگیرکردن و لەدەستدانی پایەکانی نەتەوەیی ببنەوە و هەنگاونان بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی پەکبخات .

ئەرکی دامەزراوە ئەمنییەکان و هۆشیارییان و تێربوونیان لە زانست و زانیاری هەوالگری و سەردەرکردن و ناسینی دووژمنان و گرووپە تیرۆرستییەکان یەکێکی تر لە ئەرکەکانی کارمەندانی پەیوەست بە دەزگای ئاسایش کە بەهۆیەوە ڕێگە دەگرن لە هەر چالاکییەکی تێکدەرانەی نەیارەکان و هەوڵدان بۆ نانەوەی دووبەرەکی و دروستکردنی پشێوی و نائارامی.

ئەردوگان و دروستکرنا ئایدولوژیەکا ئیسلامی یا نوی



سەفین زێیاری

دابەش بوونا وەلاتێن ئیسلامی ب سەر ئایدولوژی و تەوژمێن جودا، بوویەرەکا دیرۆکی یا کەڤنە، هەر ژ دەستپێکا دەرکەفتنا ئاینێ ئیسلامێ، مەزهەب و ئایدولوژی ژێ دەرکەفتن، وەکی گەلەک ئاینێن دیترە. هەر تەوژمەک دگەل یا دیتر ناکوک و نەگونجایە، ئەڤ چەندە ژی دبێتە ئەگەرێ دابەش بوونا کومەلایەتی، ئاینی و سیاسی دناڤ کومەلگەهێن ئیسلامی دا و کومەلگەهێن ئاینێن دیتر ژی دا، دیرۆک دیدەڤانە ل سەر ڕووداونا شەرێن خوینماوی یێن مەزن دناڤبەرا ئایدولوژی و مەزهەبێن جودا یێن یەک ئاین.

ئیسلامی، پێکڤەگرێدانەک دناڤبەرا خەلکێ گەلەک سنورێن جودا دروست کر، تەنانەت گەهشتیە وی ئاستی کو بزاڤێن ئابوری و سیاسی و جڤاکی ژی ل سەر بهێنە پەیرەو کرن، هەروەسا بووینە ئەلتەرناتیڤ بۆ سیاسەتا هەڤشک یا جوگرافیێن جودا و دوور ژ هەڤدوو. ژ ئەگەرێ گلوبالیزمێ ئێدی تەوژمێن ئاینی ب ساناهیتر و بلەزتر گەهشتنە دناڤ کومەلگەهێن هزر ئایین، ڤێ چەندێ ژی کارتێکرن د بیاڤێ پەیوەندییێن نێڤدەولەتی و ڕابوونا بزاڤێن ئاپوزسیونێن ناڤ خوەیی بۆ دژاتیا پڕۆگرامێن دەولەتێن دیموکراسی و هەروەسا سیکولار دروست کر.

پارتیا داد و گەشەپێدان کو پەیوەندییێن وێ یێن سەرەتایی و هەروەسا بدەست گرتنا دەستهەلاتا تورکیا ژێ، ل سەر هزرا (ئیخوان موسلمین) بوو، ئەوا کو ل 1928 ل سەر دەستێ (حەسەن بەنا) هاتیە دامەزراندن. ب ڤێ چەندێ ئەردوگان کو سەرۆکێ پارتیێ بووینە، ڕە و ڕیشالێن هەنە، ئەڤ چەندە ژی ڤەدگەریت بۆ وان گرێکێن دەروونی ئەوێن ل دەڤ ئەردوگانی پەیدا بووین، ژبەر لاوازیا وی و مەزنیا کیانێ ئمبراتوریا ئوسمانی، ئەو دخوازیت کو ب ڕێکا ئایدولوژیەکا نوی هزرێن داگیرکاریا خوە یا سیاسی بەلاڤ بکەت. وەکی یا دیار نها ئەردوگان دگەل وەلاتێن مالیزیا، پاکستان و قەتەر ب نهێنی ڕێککەفتینە کو ڤێ تەوژمێ دامەزرینن. ئیمران خان سەرۆک وەزیرێن پاکستان د تویتەکێ دا ڕاگەهاندیە کو ئەو دگەل سەرۆکێ تورکیا و سەرۆکێ مالیزیا ڕێککەفتینە بۆ دامەزراندنا کەنالەکێ ئەسمانی یێ هەڤبەش ب زمانێ ئنگلیزی کو دێ هزر و بیرێن سیاسی و ئاینی یێن وان پەخش بکەت. ئەڤە و پەیوەندییێن خوە دگەل هەڤ هزرێن خوە خورت کریە، تەنانەت د نها دا هزر د دامەزراندنا ئایدولوژیەکا ئیسلامی یا جودا ژ ئیخوان موسلمین دکەت، ئەڤ چەندە ژی پشتی کو پێگەهێ خوە یێ سیاسی دناڤ وەلاتێ خوە دا خورتکری. ئێدی هیچ ڕێگریەک نەما کو دەست ب ڤان پیلانێن خوە بکەت، ب بۆچوونامە ئەڤ چەندە ژی ژ ئەگەرێ هزرا وی بۆ دووبارە ئاڤاکرنا ئیمبراتوریەتا ئوسمانی یە، لێ ئەڤ جارە ب شێوازەکێ نوی و جودا ژ ئمبراتوریەتا بەرێ، لەورا ئەو یێ نەچارە کو هندەک ڕێکێن دیتر پەیرەو بکەت و ڤەلقێنێن خوە ب شێوازەکێ وەسا بەلاڤ بکەت کو ڕێگریێ ل هەر بزاڤەکا دیتر یا ژ وی جوری بکەت. ناکوکییێن ئەردوگانی یێن کو دگەل هەموو جیهانێ ببێتە ئەگەرێ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێمەکە و ڕەزامەندی هەرێمەکە، بە ریفراندۆمێکی گشتی.

لێرەدا دەبینین کە گۆڕین و هەموارکردنی دەستووری عێراق کارێکی ئاسان و ئاسایی نییە و ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکیش بکرێ دەبێ لە چوارچێوەی ئەم چوار بڕگەی سەروەدابێت و لە ئەنجامیشدا دەبێ بەرەزامەندی خودی هەرێمەکە بێت. بۆیە ئێمەی خەڵکی کوردستان لە پڕۆسەی هەموارکردنی دەستوردا دەتوانین پاڕێزگاری مافەکانمان بکەین. بێشک یەکریزی و یەک هەڵوێستی و یەکدەنگی ئێمەی خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، زامنی ماف و دەسەڵاتەکانی ئێمە دەبێت. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پسپۆر و شارەزای سیاسی و یاسایی لێهاتووانە خۆیان ئامادە بکەن بۆ پاراستنی مافەکانمان ئەگەر پڕۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق ئەنجامدرا.



هەنگاونان بەرەو نوسینەوەی دەستووری کوردستان



15
مانپەروەر: جەواد مستەفا ستۆپیی

دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی 2005

دیاری کردن و دابەش کردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکاندا تایبەتە بە پسپۆری دەستووری فیدرالی. بە گشتی لە هەر وڵاتێکدا هەندێک دەسەڵات تایبەتن تەنها بە حکومەتی فیدرالی وە هەندێکیشیان تەنها تایبەتن بە هەرێمەکان وە هەندێک دەسەڵاتی تریش هاوبەشن لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکاندا، هەروەک لە مادەی 114ی دەستووری ئێستای عێراقدا دیاری کراون، بەڵام بەگشتی لە هەموو جیهان سێ میکانیزمی دابەش کردنی دەسەڵاتەکان هەیە کە پێشتر بە درێژی لە ئەلقەی 11ی ئەم تەوەردا باسمان کرد. بە پێی دەستووری عێراقی ساڵی 2005، هەموو ئەو دەسەڵاتانەی تایبەتن بە دەسەڵاتی فیدرالی دیاری دەکرێن و دەسەڵاتەکانیتر تایبەت دەبن بە هەرێمەکان، ئەمە یەکێکە لەو سێ ڕێگایانە کە باسمان کرد، کەواتە بە پێی ئەم ڕێگایە دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان گشتی دەبێت، واتە فراوانن و دەسەڵاتی فیدرالی دیاری کراو (محدد)، ئەو پسپۆرییانەی لە نوێ دروست دەبن دەبێتە پسپۆری هەرێمەکان، ئەم ڕێگایە پێشکەوتوویە و سوود و گرنگی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە. بەڵام ئەگەر پێچەوانە بێت دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دیاری کراو و دەسەڵاتەکانی فیدرالی گشتی بێت ئەوا لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدرالیدا دەبێت. لە مادەی (115)ی دەستووردا شێوازی دیاری کردنی پسپۆرییەکانی هەردوو حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکانی دیاری کردووە.

شێوازی دروست کردنی هەرێمی نوێ بە پێی دەستووری ئێستای عێراق:

هەر پارێزگایەک یان چەند پارێزگایەکی دیاریکراو دەتوانن بریاری بەهەرێم بوونی خۆیان بدەن لە دوای ڕەزامەندی حکومەت و پەرلەمانی فیدرالی تا ببنە هەرێمێکی دیاریکراو سەر بە حکومەتی فیدرالی. لە دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا تەنها هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام لە برگەی دووی مادەی (117)ی دەستووردا بوار دراوە کە هەرێمی تریش دروست بکرێن. هەروەها لە هەردوو مادەی 118 و 119ی دەستووری فیدرالیدا دەسەڵاتەکانی فیدرالی بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەین کە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراون:

مادەی 110: ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدرالی:

دارشتنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلوماسی و ئەنجامدانی دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرز کردن و واژۆو کردن لە سەریان و یەکلایی کردنەوە و دارشتنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەرەکییەکان.

دان و جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسوگەر کردنی ئاسایشی سنووری عێراق و بەرگری کردن لێیان.

دارشتنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و دارشتنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکەکانی ناوەند.

ڕێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.

ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە و بە هاوڵاتیبوون (تجنس) و نیشتەجێ بوون و مافی پەنابەرێتی سیاسی.

ڕێکخستنی سیاسەتی میکانیزمی دروستکردنی هەرێمی نوێ دیاری کراوە، کە دەقەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (مادەی 118: دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەمەرجێک لە شەش مانگ زیاتر تێپەر نەکات بەسەر یەکەم دانیشتنیدا، بە زۆرینەی سادە یاسایەک دەر بکات بۆ دیاری کردنی ئەو ڕێ و شوێنە جێبەجێکارییانەی تایبەتن بە پێکهێنانی هەرێمەکانەوە). هەروەها لە مادەی 119دا میکانیزمەکە زیاتر ڕوون کرایتەوە کە بەم شێوەیە (مادەی 119: پارێزگایەک یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بە پشت بەستن بە داواکاریەک بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری. داواکاریەکە بە یەکێک لەم دوو ڕێگایانەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت: -1لەسەر داواکاری سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانەی داوای پێکهێنانی هەرێمەکەی دەکەن.

-2لەسەر داوای دەیەکی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکەی دەدەن).

دەستووری هەمیشەی عێراق دەسەڵاتەکانی لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوەی دابەش کردووە:

یەکەم: دەسەڵاتەکانی تایبەت بە حکومەتی فیدرالی:

لە مادەی 109 تا مادەی 115ی دەستوور تایبەتن بە دەسەڵاتەکانی فیدرالی بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەین کە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراون:

مادەی 110: ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدرالی:

دارشتنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلوماسی و ئەنجامدانی دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرز کردن و واژۆ کردن لە سەریان و یەکلایی کردنەوە و دارشتنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانییە دەرەکییە سەرەکییەکان.

دان و جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسوگەر کردنی ئاسایشی سنووری عێراق و بەرگری کردن لێیان.

دارشتنی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و دارشتنی سیاسەتی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکەکانی ناوەند.

ڕێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.

ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە و بە هاوڵاتیبوون (تجنس) و نیشتەجێ بوون و مافی پەنابەرێتی سیاسی.

ڕێکخستنی سیاسەتی گشتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلوماسی و ئەنجامدانی دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی قەرز کردن و واژۆ کردن لە سەریان و یەکلایی کردنەوە و دارایی فراوانیان پێ دەدرێت بە جۆرێک کە بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن بە گوێرەی بنەمای (لامەرکەزی ئیداری) و ئەوەش بە یاسا ڕێک دەخرێت.

سێیەم: ئەو پارێزگارەی ئەنجومەنی پارێزگا هەلیدەبژێرێت سەرۆکی ڕاپەراندنی بالآیە لە پارێزگادا بە پیادە کردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێ بەخشراوە. پێنجەم ئەنجومەنی پارێزگا ناکەوێتە ژێر ڕکێف و چاودێری هیچ وەزارەت یان لایەنێکەوە کە پەیوەست نەبێت بە وەزارەتێکەوە و دارایەکی سەربەخۆی خۆی هەیە).

هەردوو مادەی 120و 121 باسی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دەکەن بونمونە (مادەی :120هەرێم دەستووریک بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکار هێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستووردا).

سێیەم: دەسەڵاتەکانی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکان:

لە بواری نەوت و گاز هەردوو مادەی 111و 112ی دەستوور دەسەڵاتەکان دیاری دەکەن. بەگشتی سەبارەت بە دابەش کردنی داهاتی گشتی وڵات بەسەر دەوڵەتی فیدرالی و هەرێم و پارێزگاکاندا بە شێوەیەکی داپەڕوەرانە بە سێ شێوازی جیاواز دابەش دەکرێن، کە دەستووری هەر وڵاتێک یەکێک لەم سێ شێوازانەی بو وڵاتەکەی هەلبژاردووە. هەندێک وڵات داهاتی گشتی بەپێی ڕووبەری هەرێم یان پارێزگاکان دابەش دەکەن من ئەم ڕێگایە بە پەسەند نازانم ، چونکە لەوانەیە زەوی هەرێمێک هەموو بیابان بێت و ڕێژەی دانیشتوانی کەم بێت، ئەوا نادادپەروەری دروست دەبێت لە دابەش کردنی سامانی گشتی وڵات. وە هەندێک وڵات بەپێی ڕێژەی دانیشتوان دابەش دەکەن ئەم ڕێگایە هەندێک داپەڕوەرانەترە لە ڕێگای پێشتر. هەندێک وڵات بەپێی ڕێژەی وەرگرتنی باج دابەش دەکەن، لەوانەیە ئەم ڕێگایە لە هەردوو ڕێگایتر داپەڕوەرانەتر بێت. بەڵام لە برگەی یەکەمی مادەی 112ی دەستووری عێراقدا ڕێگای دووەمی هەلبژاردووە، کە باس لە دابەش کردنی سامانی نەوت دەکات کە زوربەی داهاتی عێراق لەسەر نەوتە دەڵێت: (یەکەم: حکومەتی فیدرالی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکان نەوت و غازی بەرهەم هێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بەمەرجێک داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەر و بە گوێرەی دابەش بوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش دەکرێت...) هەروەها لە برگەی دووەمی هەمان مادەدا کە باسی دەسەڵاتەهاوبەشەکان دەکات دەڵێت (دووەم: حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەم هێنەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە دارشتنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بو بەرەو پێش بردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێک کە ببێتە مایەی دست خستنی زورترین سوود و کەلک بو گەلی عێراق ئەمەش بە پشت بەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازار و هاندانی وبەر هێنان.

بەگشتی دەستووری عێراق دەسەڵاتەکانی هاوبەش لە مادەی 114دا دیاری کراون کە ئەمانەن (مادەی 114: دەسەڵاتەکانی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمەکان ئەمانەن:

یەکەم: بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرک بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت.

دووەم: ڕێکخستن و دابەش کردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی کارەبا.

سێیەم: دارشتنی سیاسەتی ژینگە بەمەبەستی دڵنیا بوون لە پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و پارێزگاریکردن لە خاوێنی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

چوارەم: دارشتنی سیاسەتەکانی گەسە پێدان و پلاندانانی گشتی.

پێنجەم: دارشتنی سیاسەتی تەندروستی گشتی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

شەشەم: دارشتنی سیاسەتی پەروەردەی گشتی بە ڕاوێژ لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

حەوتەم: دارشتنی سامانە ناو خۆییەکان و ڕێکخستنیان بە جۆرێک کە دابەشی پەروەردەی بەشە بەشە بکات ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت.

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا

سەربەست بامەرنی

لە دیمانەت لەگەڵ کەنالی ڕووسیا 24دا: فەرموتان: (کورد لە ئێران، عێراق و بەشێکی زۆریشیان لە تورکیا دەژین، کەس نایەوێت بەهۆی نیگەرانی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، ناوچەکە بتەقێتەوە)، هەروەها (کەس نایەوێت کورد وا هەست بکەن خەڵکی پلە دوون..

ناکرێت کێشەی کوردپشتگوێ بخرێت و کێشەیەکە، لە قەیرانی سووریای ڕەت داوە).سوپاس جەنابی وەزیر، دانان بە ڕاستییەکان، ئەگەر دەرەنگیش بێت، بەدڵنیاییەوە لە نکۆڵیکردن و پشتگوێ خستنی باشترە، چونکە دەبێتە سەرەتایەکی دروست بۆ چارەکردنی کێشەی نیشتمانی گەلی کوردستان، کە لە مافەکانی نەتەوەیی و دیموکراتی و مرۆییەکان بێبەش بووە، ئەگەر بە ڕاستی کەس نەبێت حەز بکات (کورد وا هەست بکەن پلە دوون)، دەبێت ڕێوشوێنی دروست بۆ یارمەیتدانیان لە دەربازبوون لە ئاگری داگیرکاری نیشتەجێکردن، کۆیلایەتی و داگیرکردنی وڵاتیان بگیرێتە بەر.

جەنابی وەزیر(کورد وا هەست نەکەن پلە دوون)، زیادەڕۆیی تێدایە و کورد ئێستاش هۆکاری سەرەکی پشتەوەی هەڕەشەی بەردەوامی تەقاندنەوەی ناوچەکەیە (بەهۆی نیگەرانی لەبارەی مەسەلەی کورد) وەکو فەرموتان، مەحاڵە بتوانرێت ویستی ملیۆنەها کوردستانی لە ئازادی و سەربەخۆیی ڕەت بکەیتەوە، کەچی ئەوان لە جەرگەی ناوچەکە دەژین و ڕەگ و ڕیشەیان تێیدا بۆ هەزارەها ساڵ دەگەڕێتەوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەو (نیگەرانی)یە هەر بەردەوام دەبێت.

جەنابی وەزیر، ئەوەی ئێوە فەرموتانە ڕاستە، کە ناکرێت کێشەی نیشتمانی کوردستانی، ئەوەی لە قەیرانی سووریا ڕەتیداوە فەرامۆش بکرێت، ئەو کێشەیە پێویستی بە چارەیەکی ڕیشەیی و کۆتایی هەیە، نە سەقامگیری و نە ئاشتی و نە پێشکەوتنی شارستانی ڕاستەقینە لە ناوچەکە نایەتەدی، تاکو مافی ملیۆنەها کوردستانی فەرامۆش بکرێت، ئەوانەی بەدەست سەرکوتکردنی ڕەگەزپەرستی، شێوازەکانی ستەم، زۆرداری و نکۆڵیکردن لە بوونی، بە هەڵمەتەکانی قڕکردنی بە کۆمەڵ و گۆڕین ژینواری دیموگرافییش لە کوردستان دەناڵێنن.

جەنابی وەزیر، چارەکە خۆی لە کۆتایی هێنان بەو مەینەتییە بەردەوامە لە ماوەی زیاتر لە یەک سەدە دەبینێتەوە، بەدڵنیاییەوە جەنابتان ئاگاتان لە میژووی فراوانی ناوچەکە و ڕێڕەوی ڕووداوەکانیەتی، کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکە هاتووە، ئەوەی (ناکرێت پشتگوێ بخرێت) وەکو خۆتان وەسفتان کردووە. جەنابی وەزیر، بۆ ڕێگەگرتن لە تەقینەوەی ناوچەکە بەهۆی (ئەو نیگەرانیانەی لە بارەی کێشەی کورد) دروست بووینە، بەردەوانە بە پاکێجەکەتان و دانانە بە مافی گەلی کوردستان لە ئازادی، دادپەروەری و وڵاتی سەربەخۆ هاوشێوەی گەل و میللەتانی دیکەی جیهان، بەدڵنیاییەوە کوردستان دەبێتە فاکتەری سەرەکی لە پاراستنی ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیری لە تەواوی ناوچەکەدا، چونکە خاوەنی هەموو پێگەیەکی مرۆیی، ئابووری و کولتوورییە، بۆ بەشداریکردن لە خەباتی مرۆڤایەتی لە پێناوی ئاشتی، پێشکەوتن و ئایندەیەکی باشتردا.

سوپاس جەنابی وەزیر لە سەر گووتنی ڕاستییەکان، هیوامان وایە ببێتە سەرەتایەک بۆ دەستکردن بە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی ڕیشەیی شتەکان لەو ناوچە گرگرتووە لە جیهانی ئەمڕۆماندا، لە میانی دانان بە مافی گەلی کوردستان لە ئازادی و سەربەخۆییدا.

و: ڕەمزی میرەکانی

ووڕ بووڕ
ناسنامەی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی شارستانی دلخواز انور احمد ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
ناسنامەی باری شارستانی هەولێر/ بحرکە بەناوی مولانی محمد حسین ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
ناسنامەی زانکۆی پولی تەکنیکی هەولێر/ کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری بەشی ئەندازیاری ڕێگاوبان بەناوی مسعود صالح یونس ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٢٠٤٣ بەبڕی ١١٤٥٠٠٠ یەك ملیۆن و سەدو چل و پێنج هەزار دینار بەناوی هاژە جلال حمە و عدنان علی صدیق ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٦٥٨ بەبڕی ١١١٨٠٠٠ یەك ملیۆن و سەدو هەژدە هەزار دینار بەناوی سۆران خالد حمە ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
دەفتەری مۆلەتی پیشەیی لەبەڕێوەبەرایەتی کار دەرچووە ژمارەی مۆلەت ٣٥٠٢ لە ٢٠٠٦/٥/١١ بەناوی گیلان سلیمان رسول ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران بەشی مولکایەتی
ژمارە: ٤٧٦٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٧
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە ((٢٤٢)) لە بلۆکی ((٩)) لە گەڕەکی بانە دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە تاکوو ماوەی ((٣٠ سی ڕۆژ)) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسولەیە هەیە سەردانی شارەوانیمان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
تێبینی : تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
مافپەروەر/ کاوە نجیم عبدالله
سەرۆکی شارەوانی سۆران/بە وەکالەت
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١١٧٣/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چێنەر داوا قادر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب/ ئاسایشی سلیمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٢٤٣/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
سەرهەنگ احمد محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٤) لەیاسای مخدرات لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب/ ئاسایشی شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧٢١/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
حمە صالح محمد احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (خورمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٢٠٣/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: علی
رمضان علی مصطفی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٣٤/ج/٢٠١٥
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: علی
عبدالله علی محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / کامل تۆفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٠٧٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
بابان عثمان مصطفی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٠٦١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
ابراهیم علی ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (دووەم) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ جبار رضا احمد
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٣٠٦/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
مصطفی علی مارف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارچرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
داواکار (هەڵو غالب عبید)
داوا لەسەرکراو/ هێرش کریم خواڕەحم بەڕواری (٢٠١٩/٨/٢٦) بریارێك دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ بە ژمارە ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨ بەپاپەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٥٥٦٦١/ محص بغداد مۆدێل ٢٠٠٥) بۆ داواکار و سەرجەم تێچوونەکانی داواکە دەکەوێتە سەر داوالەسەرکراو بە ئەرکانەی پاڕێزەرێتی بریکاری داواکار بەبڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە لەماوەی یاسایدا ناڕەزایی و پێداچوونەوە بگیرێت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ د. ماجد ڕشاد محمد
* * *
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٢٢٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
جارِدان
بۆ داوالێکراو (بەختیار صافی تقی الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (کوردستان جلال عثمان) داوای ژمارە ٢٢٢/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (پێدانەوەی ئۆتۆمبێل) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٧٤٥/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٠
جارِدان
بۆ داوالێکراو (سۆران شمس الدین صابر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بیداء احمد حمزە) داوای ژمارە ٧٤٥/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (پەسندکردنی تەلاق دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (گەڕەکی ژین/ دارەتوو) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمله و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Golden Architecture) بۆ نەخشەدانانی ئەندازیاری و داپۆشینی بینایە بە ئەلیکۆبۆن و جامی سیلیکۆن و بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٣٦/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/
محمد شیرزاد حسین
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٣١/٤٠٦ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارەك ٣١٤٥/ش٢٠١٩/٦
بەروار: ٢٠١٩/١١/٧
جارِدان
بۆ/ داوالێکراو (عباس صابر محمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (دیلان نوری محمد) داوای ژمارە (٣١٤٥/ش٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تفریق طلاق) دەکات لەتۆ،وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی صلاح الدین) بۆیەدادگا بڕیاردا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٨) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ مازن مظفر محمد
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٧/م/٢٠١٩
رێکەفت/١٠/٢٠١٩/١١/١٠
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (برکات مراد رکان) جهێ ئاکنجی بوونی نەیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێك جودابوون(التفریق) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (هنیە سیدو خدر) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا شنگالی ناحیا الشمال کومەلگەها دوکری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەہ روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٤/٢٨٢٤
رێکەوت/١٠/٢٠١٩/١١/١٠
راگەهاندن
بۆ / قەرزار : صباح عبید خندان
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٢٤/١) کەرتێ (١٣/مالطا اسلام) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (کاروان حجی محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف جیهان) بکوژمێ (٤٢١١٢٥٠٠) چل ودوو ملیون وسەد ودوازدە هزار وپێنج سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٨٤٠٠٠٠٠٠)هەشتێ وچار ملیون دینار دگەل رەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە (دهۆك) مولکێ ژمارە (١٢٤/١) کەرتێ(١٣/ مالطا اسلام) جور پێك هاتیە ژ خانیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ هۆل داخلی ولێنانگەە وپێك هاتێن ساخلەمیێ ودوو ژۆرێت نقستنێ وژۆرەکا پێشوازیێ دکەڤیتە سەر شارعەکێ فەرعی (١٠م) واجیهە (جەنوب) روبەر (٢٠٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٨٤٠٠٠٠٠٠)هەشتێ وچار ملیون دینار
هاریڤان ایوب عبدالله /
جێ بەجێ کاری داد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی بەردەرش
ژمارەی دۆسیە/٦/ت.د/ ٢٠١٩
رێکەوت/١٠/٢٠١٩/١١/١٠
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : صباح عبید خندان
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە بەپێی مادەی (٢٧)لە یاسای جێ بەجێکردن بریاردرا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین کەوا مولکی تۆ ژمار (١٣/١) کەرتی (٨٢/روفیا) فرۆشرا لە جیاتی قەرزی خاوەن قەرز (سالم یاسین سلیم) بۆیە دەبێت لە ماوەی (١٠)دەہ رۆژ لە رۆژی دوای رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادەبیت بۆ دانەوەی قەرزی خاوەن قەرز (سالم یاسین سلیم) کە بری (٩٥٨٤٧٥٠) نۆ ملیون وپێنج سەد وهەشتا وچوار هەزار وحەفت سەد وپەنجا دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسای جێ بەجێکردن مادەی (٩٧/ سێیەم) مولکە کە تو مارەکرێت بەناوی کریار
جێبە جیکاری داد / عنتر فرهاد محمد
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٣٤٢/ش٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/٧
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: بسنه خلف علی
ل دیف داخازیا داواکار (رعدی یوسف عمر) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تەلاقێ) ژ تە کریە و ژبەر نەیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژارێ (تاخی بروشکی) ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١١/١٤) یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە: ١٦٦٩/ب/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١٠/٣٠
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکری: اراز حازم خورشید-
جهێ ئاکنجیێ وێ نەدیار
ژبەر داوا لسەر تە هاتیە تومارکرن ژلایێ داواکاری (هلکت کمال عبدالله) ددادایا ژمارە ١٦٦٩/ب/٢٠١٩ ل رێکەفت ٢٠١٩/١٠/١٠ داخاز دکەت دانا تە بوو وی کوژمێ (١٦٠٠٠٠) سەد و شێست هزار دینار وەك قربو، کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیارە ل دویف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن قەسروکێ ژمارە ٢٧٨١ رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ و قەژارا هەلبژارتیێ گوندێ کەفرە سور رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدیف مادێ (٢١) ل یاسایا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبوونێ بەرامبەر ئەڤێ دادگەهێ دەمژمێر (٩)ی سپێدێ روژا ٢٠١٩/١١/١٩ و ئەگەر ئامادە نەبی یان بریکارەکێ پێش خوفە نەهنێری دێ دادبینی بێی ئامادەبونا تە بڕیڤەجیت و ئاشکرایی و ل دیف یاسایێ.
دادوەر/ عزیز محمد سعید
* * *
فەرمانگەی دادنووسی
(یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (دیار عبدالقادر احمد) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (رێگای کرکوك) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوو کووەرەی ١٠٠٠٠٠ لتری بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤ K.W٦٠ تبادل مائی براد.
٢- ١٢ خەزانی خەزنی بەرهەم ٢٤٠٠٠ لتری بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W١٢
٣- دوو چلەری ساردکردنی ئاو محلین ٣ پانکەیی بێ ژمارەن مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤٠*K.W٢
٤- ٥ خەزانی ڕوون ١٠٠٠٠٠ لتری بێ ژمارەن دروستکراوی محلین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٥
٥- حەوزی پاشماوەی رونی پیس ٥٠٠ طن بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠
٦- ١٠٠ خەزانی خەزنی ١٠٠٠٠٠ خەزنی ڕونی خاوێن بێ ژمارەن دروستکراوی محلین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W١٠
٧- فحصی نسبەی ئاو لە ناو ڕوون بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١
٨- قەپانی ١٢٠ طەنی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٠
٩- سلفەری فحص کردنی ڕوون یابانی.
١٠- فلاش پۆین فحص کردنی ڕوون یابانی.
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (وارپاك نیت) بۆ (گەیاندن / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / ریبر محمد نظیف

ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٢١٢٥

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩٥٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی) کۆمپانیای (زاری بەهیز) بۆ باڵرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (زاری بەهیز) بۆ بازرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر


بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩٥١
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی) کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٠٩٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کبار) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نوسرا لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
بڕیاری پاکتاوکردنی) کۆمپانیای (Golden Architecture)
بۆ نەخشەدانانی ئەندازیاری و داڕشینی بینایە بە ئەلیکۆبۆن و جامی سیلیکۆن و بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Golden Architecture) بۆ داڕشینی بینایە بە ئەلیکۆبۆن و جامی سیلیکۆن/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بارزان حسن ملا یحیی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢١
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٨١٥٥
رێکەوت / ٢٠١٩/١١/٦
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سەرسەنگ / بۆ بەرهەم هێنانی بلۆك / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٦
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ڕووسیا..
گەڕان بە دوای هاوسەنگییەکاندا





بەشی دووەم

د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم

گرینگترین کێشەی سەردەمی ڕووسیا: تەنگژەی ئابووری، تێکچوونی پێوەندییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی، کێشەی شەڕی ئۆکراینا، تیرۆریزم، کێشەکانی ناوخۆی و هەرێمایەتی و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و نادیاری داهاتووی سیاسی ڕووسیان. لە ڕووی سیاسییەوە - ڕووسیا هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگی پێوەندییەکانی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەلآت و ولآتانی ئاسیایی و ڕێکخراوی بریکس و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست دەدات. لە کاتی تەنگژەکاندا تاکتیکەکان بەسەر ستراتیجییەتدا زاڵ دەبن.

بارودۆخی ئەمڕۆی ڕووسیا

* هەڵوێستی لاوازی ڕووسیا: ئەمڕۆ ولآتانی ئەورووپای ڕۆژهەلآت "لە رابردوو هاوپەیمان" بڕوایان بە پایەداری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووسیا لە هەمبەر یەکێتیی ئەورووپادا نییە، بۆیە لەوانەیە وەکو مەعنەوی پشتگیری لە ڕووسیا بکەن، بەڵآم بەکردنی هەموویان لەگەڵ پرۆسەی یەکگرتنی ئەورووپادان، تەنانەت دوو ولآتی وەکو یۆنان و سربیاش هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەکەن.

* ڕووسیا توانای کێبەرکێی تەکنۆلۆژیایی و کوالیتیەتی کالآ و پسپۆڕی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە و سیستەمی بانکیشی بە قەرزی دەرەکی بەستراوەتەوە.

ڕووسیا دووبارە ئاوڕ لە ڕۆژهەلآت دەداتەوە:

* لەو هەلومەرجە نوێیەدا، کە مەبەست جێبەجێکردنی ئابلۆقەکانی ئابووری مانگی 4ی مەی ساڵی 2014?لە پاش ئەوەی، کە ڕووسیا نیمچە دورگەی کریمی داگیرکرد، لە لایەن ڕۆژئاواوە گەمارۆی ئابووری بەسەر ڕووسیادا داسەپێندراون، ئەمە وایکرد ڕووسیا ڕووبەڕووی تەنگژە ببێتەوە و ڕوو لە ئاسیا بکات، لێرەدا پرسێک دێتە پێش، کە ئایا ڕووسیا دەتوانێت ڕێگە پێشکەوتنێکی جیاواز لە ئەورووپا بخاتە ڕوو و ببێتە متمانەی بەشێک لە کۆمەڵگەی جیهانی؟ لەڕووی جوگرافیاوەش بەشی هەرە گەورەی ڕووسیا لەناو ئاسیادایە و لەگەڵ ولآتانی زلهێزی ئاسیایی چین، ژاپۆن و کۆریاش هاوسێیە. ڕووسیا ولآتێکی هەڵگری دوو ژینگەیە لەلایەکەوە بە ئەورووپاوە بەستراوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ولآتێکی ئاسیایە.

* ئایا ڕووسیا لە هەلومەرجی نوێی پێشکەوتنەکانی ئاسیایدا دەتوانێت وەکو ڕابردوو ڕۆڵی خۆی ببینێت؟ کێشوەری ئاسیا لە دۆخێکی خێرایی پەرەسەندن و گەشەدایە، چین بووەتە یەکێک لە بەهێزترین ولآتانی جیهان و ماتۆڕی بزوێنەری هەرێمایەتی، لەو ڕووەوە ئایا ڕووسیا دەتوانێت کێبەرکێ لەگەڵ چیندا بکات؟ وەکو دیارە ڕووسیا دەیەوێت، کە پێگەی لە ئاسیادا بگەڕێنێتەوە. شانسێکی دیکەیش لەبەردەم ڕووسیادا کراوەیە، بە بڕوای بەشێک لە پسپۆڕانی ڕووسیایی، ئەورووپا پێی خۆشە، کە ئەگەر ڕووسیا و ئەورووپا بە هاوبەشی ڕۆڵی ئەو پەرەسەندنە سەرسام ئاوەڕانە ڕابگرن، هەروەکو لە مێژوودا بینراوە، کە ڕووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەورووپادا سەرهەڵدانی "ئیمپێتوانایان" سەرکوت کرد. وەکو دیارە لەو بارودۆخە نالەبارەیەدا مۆسکو ئامادەیە، کە گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی جۆراوجۆری هاوشێوەدا بکات.

کێشەکانی دیکەی بەردەم ڕووسیا

* یەک لە کێشەکانی دیکەی ڕووسیا ئەوەیە، کە ڕووسیا تاکە هێزی بڕیاردەر لە ئەورووپادا نابێنێت، بۆیە هەروەکو جاران پێی خۆشە، کە هێزێکی دیکە هەبێت و پێکەوە ڕێک بکەون.

* دیارە، کە ئەگەر لەو بێنەوبەردانانەدا ڕووسیا توانای ڕووبەڕووبوونە و بەرگری ئابووری نەبێت ناچارە، کە دووبارە بگەڕێتەوە ناو چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژئاوادا، بەڵآم بە هەلومەرجی خراپتر لە ساڵی 2014دا.

* پێڕەوکردنی سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی هاوشێوەی پەرەسەندنی سەدەی نۆزدە سیاسەتێکی بێ بنەمایە و بێ سوودە، لە کاتێکدا، کە ئەگەر ڕووسیا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت. لە لایەکی دیکەوە ڕووسیا لەو بڕوایەدایە، کە ڕۆژئاوا چوارچێوەی دەسەلآتەکانی دەبەزێنێت، باشە بۆ ڕووسیاش ئەو توانا و ئەو مافەی نەبێت؟!.

سەرچاوەی بەهۆدێرنکردنی ڕووسیا وڵآتانی ڕۆژئاوایە یاخۆ ئاسیا؟

بەدرێژایی ساڵانی پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت ڕووسیا ڕۆژئاوای وەکو سەرچاوەیەکی باشی بەمودێرنکردن و بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم دەبینی و تواندا، کە پێوەندییەکی باشیش چێ بکرێت، بەڵآم بەشێک لە دەسەلآتدارانی ڕووسیا بە پێچەوانەی ئاراستە گشتییەکان لەو بڕوایەدابوون، کە ڕۆژهەلآت دەتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی پێوەندییەکانی ڕووسیا، ئەویش وڵآتانی ئاسیایین و دەتواندرا، کە پێوەندییەکی ستراتیجی درێژخایەن بونیاد بنرابا، بەڵآم لە ڕاستیدا پێوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ وڵآتانی یەکێتیی ئەورووپا بەرەو ئاستێکی چۆنایەتی هەنگاویان هەڵگرتووە، هەندێ پێوەندیی یاسایی و مافیش لە نێوانیاندا چێ بووە، کەرتەکانی مانەوەند، بیزنسی بچووکیش توانیویانە، کە لەو ماوەیەکی کورتدا ڕووبەڕووی کەمی پسپۆر و هێزی کاری پێویست دەبێتەوە. ئەو تەنگژانە کاریگەری نەرێنی بەسەر ناوبانگی ڕووسیا و هاووڵآتیانیشیدا دەبێت. لەبەر ئابلۆقەی ئابووری لە ساڵی ڕابردوو ڕووسیا زیانی 150ملیارد $ بەرکەوتووە، بەپێی زانیاریەکانی هەواڵنێری Ria.ruلە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووری لە ساڵی 2014دا، کە لە لایەن وڵآتانی ڕۆژئاواوە بەسەر ڕووسیادا سەپێنراوە زیانی 120ملیارد دۆلاری بە بەر ئابووری نیشتمانی ڕووسیایی فیدراڵ کەوتووە، بەپێی ئامارەکانی ئینستیتوتی ئابووری سیاسی گایدەر 30ملیارد دۆلاری دیکەیش لە ئاکامی کردەوەکانی وەلآمدانەوەی ئابلۆقەیی بەرابەردا بە بەر ئابووری ڕووسیا کەوتووە. هەر بەپێی هەواڵەکانی ئەو سەرچاوەیەیە بەم نێزیکانە چاوەڕێ ناکرێت، کە ئابلۆقەکان هەڵبگیرێن هەرچەندە، کە هەندێ جار تاک و توک وڵآت لە کاتی دەنگدانەوە لە بەرژەوەندی ڕووسیادا قسەدەکەن، بەڵآم بە کردەنی هەمور وڵآتەکان لەسەر یەک ڕای گشتی دەنگ نادەن.

لەم نەخشەیەی خوارەوەدا ئەو وڵآتانەی، کە ئابلۆقەیان لەسەر ڕووسیادا داناوە دیارکراون:

گرینگترین هەڕەشە و مەترسی بەردەم ڕووسیا


کێشەی هەرە سەرەکی، کە ڕووسیا ڕووبەڕووی بووەتەوە چۆنییەتی چارەسەری بەرئەنجامەکانی نەرێنییانەی ئابلۆقەکانی ئابوورییە، کە لە لایەن وڵآتانی یەکێتیی ئەورووپا و وڵآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چەندان وڵآتی دیکەی ڕۆژئاوا و ژاپۆن دانراون، هۆکارەکەشی بۆ دەستێوەردانی ڕووداوەکانی ئۆکراینا لە لایەن ڕووسیاوە دەگەڕێتنەوە. پسپۆڕانی سەر بە حکومەتی ڕووسیا لە 5ی مەی 2015دا لە ئۆفیسی ئینستیتوتی لێکۆڵینەوەکانی ستراتیجیدا -ruراپۆرتێکی هاوبەشیان لەبارەی هەڕەشەکانی سەر ڕووسیا و گۆڕانکارییەکانی جیهانیدا ئامادەکرد، کە باسی چوار مەترسی گەورە وەکو هەڕەشە لەسەر ڕووسیا دەکەن: 1. مەترسی لە وڵآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، کە دەیەوێت ڕووسیا وەکو چەند وڵآتی سەربەخۆ دابەش بکرێت. 2. ئۆپۆزیسیۆنی لایەنگری بیرورای ڕۆژئاوایی، کە لە شارەکانی موسکۆ و سانکپیتربۆرگ لەنێو ڕۆشنبیراندا بەربڵاوە، بەڵآم هێزی کردەنییان نییە. 3. هێزی بێگانە ستیزی -xenophobiaلەنێو ڕووسەکاندا. 4. گرووپە تووندڕۆکان و تیرۆریستانی ئیسلامی.

لێرەدا باسی چەندان هۆکاری دیکەی مەترسیداری وەکو گەندەڵی، هەڵآتنی سەرمایە بۆ دەرەوە و کەزی سەرمایەگوزاری بیانی لەناو ڕووسیادا و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئابووری ڕووسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئاکامەکانی ئابلۆقەی ئابووری نەکراوە. بۆیە پێویستە ئەو بنەماهەمەکییە بە لە هەموو بابەتێک بەهەند وەربگیرێت، کە ئەویش لاوازی ئابووریە، چونکە گەورەترین مەترسییە لەبەردەم پێشکەوتنی ولآتانی جیهانیدا.

١- بەپێی بۆچوونیان ئەمەریکا بەڕێگەی دووبەرەکی خستنە ناو نەتەوە و ئاینزاکانی ڕووسیادا دەیەوێت، کە پێگەی خۆی بەهێز بکات و ڕێزێمی ئێستەی ڕووسیا هەڵوەشێنێت و ڕووسیا وەکو چەند وڵآتی سەربەخۆ دابەش بکرێت. ئەو بۆچوونە زۆر بەربڵاوە، هەر لەو ڕووەوە سەرنووسەری ڕۆژنامەی نیزەڤیسیمایا گازیتا (کۆنستانتین ڕیمچۆکۆڤ)، کە یەکێک لە بەشداربووەکانی چالاکی کۆڕبەندی ئابووری سانک پیترسبۆرگ لە -19 6-2015دا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕادیۆی ئێخو ماسکڤا لە 27-6-2015بەو شێوەیە باسی مەترسی ڕووسیا لەسەر ڕۆژئاوا دەکات و دەڵێت "بۆ من زۆر جێگەی سەرسوڕمان بوو لەوەی، کە پسپۆڕانی حکومی بەو شێوەیە باسی ئەو مەترسیانە دەکەن، کاتێک باسی مەترسی هەڕەشەکانی داگیرکردنی ڕووسیایان دەکرد وامدەزانی، کە هێتلەری دووەم ساغ بووەتەوە، هەروەها کەسایەتییەکی بالآی دەسەلآتبەدەستی وەکو پاترۆشێف، کە سەرۆکی ئەنجومەنی تەناهیی ڕووسیایە وتی، کە ئەمەریکا دەیەوێت ئێمە لەناو ببات، وەکو پێدەچێت، کە ناکۆکییەکانی کابینەی پوتین لەگەڵ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بەردەوام دەبن و لە پاش پوتینیش ئەو شوێنەوارانە هەر دەمێنننەوە. بەشێکی زۆری کابینەی پوتین لەو بڕوایەدان ڕۆژئاوا بە ڕەهەند و ئاراستەی ولآتانی ئاسیایی کار دەکات، بەپێی ئەو بنەمایانە ڕووسیاش دەتوانێت، کە خۆی لە ئاسیا نێزیک بکاتەوە و پێویستی بە ڕۆژئاوا نییە، بۆیە هەر لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکەیەدا بڕیارە، کە ڕووبەڕێکی زۆری زەوی لە ڕۆژهەلآتی دوور بە کرێ بدەنە چینییەکان و ڕادەستی ئەو ولآتە بکرێت". میدڤێدۆف سەرۆک وەزیرانی ڕووسیاش دەڵێت، کە ڕۆژئاوا بە هەموو شێوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ دەسکەوتەکانی ڕووسیا دەکات و دەڵێت، کە ولآتانی EUنەیانهێشتۆژەی (تەوژمی باشوور) جێبەجێ بکرێت بڕیاربوو، کە گازی ڕووسیا بە ڕێگەی دەریای ڕەشەوە بۆ بولگاریا هەناردەی ئەورووپا بکرێت، بەڵآم وەکو دیار بوو، کە ئەورووپا دژی ڕاکێشانی ئەو پڕۆژەیە وەستاوە، ئێستەش پڕۆژەی (تەوژمی تورکیا) لە ئارادایە، هەر لەو ڕووەوە میدڤێدۆف دەڵێت ئەو پڕۆژەیەش ڕووبەڕووی هەندێ کێشە بووەتەوە، بەڵآم توانی جێبەجێکردنی هەیە.

٢- ئۆپۆزیسیۆنێکی نێزیک لە بیرورای لیبرالی، کە ئەمەریکا پشتگیریان لێدەکات لەنێو ڕۆشنبیرانی شارەکانی موسکۆ و سانک پیتربورگ دا چالاکن، بەڵآم هێزی کردەنییان لاوازە (هەرچەندە زۆر بەڕپرسی ڕووسیایی پرسی شۆڕشی ڕەنگاوڕەنگ بە مەترسییەکی گەورە دەبینن، کە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو جۆرە گرووپانە هاندەری سەرەکیی ئەو شۆڕشانەنە) نوێنەری وەزارەتی بەرگری ژەنەراڵ میخائیل سمێسلۆڤ، کە لە هەمانکاتدا بەڕپرسی سەرەکیی پەروەردەی سوپایی ڕووسیایە لە 2015-6-20 دا لە gazeta.ruدا دەڵێت: کە مەترسی شۆڕشی (ڕەنگاوڕەنگ) هەڕەشەیەکی جدییە بۆ سەر ئەمنییەتی ڕووسیا، ئەو هەڕەشەیە هەر بەردەوامە و دەبێ بزانین، کە کارتێکەریان بە چ شێوەیەک دەبێت.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1927:
دوای ململانێیەکی توند لەگەڵ ستالین ، لیۆن تڕۆتسکی لە حزبی شیوعی سۆڤیەت دەرکرا .



ساڵی 1948:
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا ، بڕیاری لە سێدارەدان بۆ هیدیکی تۆجۆی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی ژاپۆن دەرکرا .



ساڵی 1956:
مەغریب و سودان و تونس بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان .



ساڵی 2001:
بزووتنەوەی تالیبان لە کابۆڵی پایتەختی ئەفغانستان کشایەوە .



ساڵی 2006:
بە مەبەستی جیابوونەوە لە جۆرجیا ، کۆماری ئۆسیتیای باشوور ڕاپرسیەکی ئەنجام دا .



ساڵی 2017:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 7.3 پلە لەسەر سنووری نێوان عیراق و ئێران ڕوویدا .

www.xebat.net
ژمارە (5869) 2019/11/12 ستی شەممە

دیوارەکەی بەرلین

نازیزیم، جەنگ، دیوار، شەڕی سارد، هەڵاتن بەرەو ئازادی و داڕمانی دیوار، لە پانۆڕامایەکی کورت دا



هەڵۆ بەرزنجەیی

بەرلە نیسانی 1984 لە دەروازەیەکی بەنێو دیوارەکەدا تێدەپەڕی، گەشتمە شاری بەرلین و پاشانیش خرامە مانێکیشەوە، ڕێک لەبەردەم دیوارەکەدا. ئیدی لەو ڕۆژەوە من ئاشنایەتیم لەتەک ئەم دیوارە ناڕەسەن و دروستکراوە و قێزەونەدا هەیە. بە تێکڕای ژیانی هزری و سیاسیشم لەدژی ئەم جۆرە دیاردانە وەستاومەتەوە.ڕاستە لە کاتێکدا ئێمە باس لە ڕووخانی دیواری بەرلین، هێشتا لە جیهاندا گەلێ دیواری تری هاوشێوەی هەر هەیە. لێ لەکەس شاراوە نییە، کە دیواری بەرلین وەک سیاسەت و مێژوو، شوێنەوار و ئاکامی دووەم جەنگی جیهانی، تایبەتمەندی ئەڵمانی و ئەورووپی و جیهانی خۆی هەبوو.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە، لەساڵی 1995 نووسیومە و لە خوێندکاری کورد،ژمارە 20/ 1995 بڵاوکردۆتەوە. لە ئێستادا بابەتەکەم دەوڵەمەند کردووە بە کۆمەڵێ زانیاری نوێ و گۆڕانکاری تازە.شاری بەرلین لە ساڵی 1237 دروستکراوە. ڕووبەرەکەی 883کم و یەکێکە لە شارە هەرە گرنگ و بەناوبانگەکانی جیهان. مێژوویەکی گەرەورە و پڕ لە ڕووداو و بەسەرهاتی هەیە و مەڵبەندی زانین و زانیاری و زانستگەی کۆنە و گەلێ لە هەڵکەوتووانی گەورەی ئەڵمان زانا و فەیلەسووف و کەسایەتی دیکە لێرە گەورە بوون و پەروەردە بون و ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە.لە ئاکامی تێکشکانی ئەڵمانیای هیتلەریی لە دووەم شەڕی جیهانی دا، تەلەبەندێکی دڕکاوی بەرلین و ئەڵمانیا و بگرە ئەورووپا و جیهانی کردە دوو بەشەوە. بەشی ڕۆژئاوای بەرلین ،لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە - ئەمەریکا، بەریتانیای مەزن، فەرەنسا-وە سەرپەرشتی دەکرا و بە ناڕاستەوخۆ لە ژێر بارێکی نائاساییدا، سەر بە حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵی BRD لە شاری Bonn بۆنی پایتەخت بوو. بەشە ڕۆژهەڵاتەکەی سەر بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی DDR بوو، کە هەر ئەو بەشە بوو، خودی بەرلینی ڕۆژهەڵات پایتەختی بوو. بەشی ڕۆژئاوا 480کم بوو،کە دەکاتە 54% ڕووبەری ئەڵمانیا و دانیشتوانەکەی 2,200000 ملیۆن بوو بەشی ڕۆژهەڵاتی 403کم بوو، کە دەکاتە 46% ی ڕووبەری ئەڵمانیا و دانیشتوانەکەی 1007000 ملیۆن بوو. ئێستا دانیشتوانی بەرلین 3,700000 ملیۆنە.

دوای کۆتایی جەنگ و ڕووخانی هیتلەر و نازیزم، بەپێی کۆنفرانسی مالتا، بەرلین کرایە 4بەشەوە. لەبەشی ڕۆژهەڵاتی سەر بە شووڕەوی لە 1.12.1946دا پۆلیسی سەرسنوور دروست کراو تا دەهات ئالۆزی لەسەر نووڕەکان سەری هەڵدەدا. لە 1945 - 1961 نزیکەی 3,5ملیۆن خەڵک بۆ بەشی ڕۆژئاوای بەرلین و ئەڵمانیا هەڵاتن. لەمانە 2,6ملیۆنی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە و ئەویتری لە وڵاتانی پۆلۆنیا و چیکەوە بوون. زۆرینەی هەڵاتووەکانیش گەنج بوون، بۆیە کێشە هێزی کار و بەتاڵ مانەوەی شوێنەکانی کار لەبەشە ڕۆژهەڵاتەکەدا بووە دیاردە، لە ئامارێکدا ئاماژە بە 45هەزار شوێنی پڕنەکراوەی کار لە DDRدەکرێت. ئەمەش جێی نیگەرانی گەورە بوو.هاتووچۆ لەنێوان هەردوو بەرلین دا، بە مۆڵەت و فەرمی بوو. تاکە دەروازەش بۆ هاتوچۆ بە ئوتومبێل لە دەروازەی بەناوبانگیCharlie ? Chaeckpoint بەرزی ئەمەریکی و ڕووسی بەتانکەکانیانەوە بەرامبەر بەیەکتر وەستابوون.دڕێژی هەمور دیوارەکە 167,8کم لەسەر سنووری بەرلینی ڕۆژئاوا. نزیکە 45,1کم بەر بەرلینی ڕۆژهەڵات دەکەوت . 112,7 کم ئەڵمانیای لە ڕۆژهەڵات / پۆتستدام . 63,8کم هەڵچنراو، 32کم بەدارستانکراوە، 22,65کم دەشتودەری بەڕەڵای کراوە، 37,95کم ی سنوورەکە کەوتووە ناو ئاوەوە- واتە ڕووبارو چەمەکان کەدوایی بە پەڕژینی کارەبایی سنووری بۆ ئەوبەر ڕەت دەکرا، لەگەڵ دەیان ڕەوە سەگی هاری دڕندەی مەشق پێکراو و ئامێری هۆشداریی/ شەپبوور و دەزگای ئەلەتریکی ڕوناککەرەوە و ڕاکێت و ڕادار و تانک و کێڵگەی مینڕێژکراو. بەکورتی هەرچی شێوازی ڕیگری و چاودێری و خۆپارێزی هەبوو، بەشە ڕۆژهەڵاتییەکە، بەکاری دەهێنا، بۆ مانەوەی خۆیی و گرایە پاراستینی ڕژێمە سۆسیالیستییەکەی. دەکرێ بڵێین بەردەوام داهێنانیان دەکرد، لە دۆزینەوەی ئامراز و ئامێری چەوساندنەوەی خەڵکەکەی خۆیان دا.غوونەیەک:

1- دیواری کۆنکرێتی بە بۆری یاخود بێ بۆری. 2- پەرژین یاخود تەلبەند.3- شوێنی کۆنترۆڵ، 4- ئامێری ڕوناککەرەوە. 5- چاڵ و سەنگەری ئوتۆمبێل حەشاردان. 6- هێڵی پێشەوەی سنووری دەستنیشانکردنی پۆستەکان.7- تووڵە ڕێگای هات و چۆ.8- شوێنی بەڕێوەبردنی سەگ.9- ئامێریی شەپبوور لێدەر/ ئینزار. 10- بورج و قوولەی چاودێریی.11- چەپەری کۆنتاکت.

هەر ئەم هەموو هەوڵانە و ناساندنی دیوارەکە بە: دیواری پاراستنی ئەنتی فاشیست، لەلایەن DDRەوە، بۆ ڕێگرتن بوو لە هەڵاتنی خەڵکەکە و پاراستنی دەساڵەتە سەپاوەکەی خۆیاندا بوو، بەڵام دانیشتوانەکە نەیاندەویست لەو دەوڵەتە پۆلیسییەدا بمێننەوە و بژین. چونکە بێبەش بوون لە ئازادی و قوربانیشیان بە هەر شت دا، بۆ یەکگرتنەوە و ئازادی. سەرباری ئەو بارودۆخە سەخت و فرە دەزگای چاودێریی و ڕاوەدونانە، هێشتا بەهەزاران هەڵاتن و بەسەدان هەزاریتریش لە خەونی هەڵاتن دا بوون .(دیارە دوای داڕمانی DDR هیچ لە کاربەدەستە حکومییەکان لە وەزیر و دیپلۆماتکار و بەڕێوەبەر و مامۆستاش بەتایبەت ئەوانە سەر بە Stasi بوون ، لە پلە و پۆستەکانیان دا نەهێڵدران. لەم بۆنەی 30ساڵەی یادی ڕووخانی دیوارەکەدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایەک کرا، کە بەهۆی ڕووخانی دیوەرەکەوە زیان بە پۆستەکەی کەوتووە. لێیان پرسی گەر دیوارەکە نەڕووخایە و هەتا ئێستا بمایە چیت دەکرد؟ وتی: هەر هەوڵی هەڵاتنم دەدا). هاوڵاتییەکی تر وتی: "من باوەڕ ناکەم جارێکی تر دیوارێکی تر دروست بێتەوە".

کێشە و مەلمەلانێی ئاڵۆز و سەخت لە نێوان هەردوو بەشی ئەڵمانیا BRD ڕۆژئاوا و DDR ڕۆژهەڵات و هەردوو بەرەی جیهانی »ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات «لەسەر ئەم دیوارە هەبوو. چونکە دیواری ناوبراو ئەڵمانیا جیهانی کرد بووە دوو بلۆکی جیاوازی دژ بەیەک لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئایدۆلۆژیی و گەلێ ڕەندی تر.هەر. بەئەندازەیەکی ئەوتۆ ، دیوارەکە بووە سیمبۆلێیکی جیاوازییەکانی جیهان ، بۆ هەموو قورسایی سیاسەتی جیهانی، کە لەسەردەمی »شەڕی سارد «دا کۆنترۆڵ، 4- ئامێری ڕوناککەرەوە. 5- چاڵ و سەنگەری ئوتۆمبێل حەشاردان. 6- هێڵی پێشەوەی سنووری دەستنیشانکردنی پۆستەکان.7- تووڵە ڕێگای هات و چۆ.8- شوێنی بەڕێوەبردنی سەگ.9- ئامێریی شەپبوور لێدەر/ ئینزار. 10- بورج و قوولەی چاودێریی.11- چەپەری کۆنتاکت.

هەر ئەم هەموو هەوڵانە و ناساندنی دیوارەکە بە: دیواری پاراستنی ئەنتی فاشیست، لەلایەن DDRەوە، بۆ ڕێگرتن بوو لە هەڵاتنی خەڵکەکە و پاراستنی دەساڵەتە سەپاوەکەی خۆیاندا بوو، بەڵام دانیشتوانەکە نەیاندەویست لەو دەوڵەتە پۆلیسییەدا بمێننەوە و بژین. چونکە بێبەش بوون لە ئازادی و قوربانیشیان بە هەر شت دا، بۆ یەکگرتنەوە و ئازادی. سەرباری ئەو بارودۆخە سەخت و فرە دەزگای چاودێریی و ڕاوەدونانە، هێشتا بەهەزاران هەڵاتن و بەسەدان هەزاریتریش لە خەونی هەڵاتن دا بوون .(دیارە دوای داڕمانی DDR هیچ لە کاربەدەستە حکومییەکان لە وەزیر و دیپلۆماتکار و بەڕێوەبەر و مامۆستاش بەتایبەت ئەوانە سەر بە Stasi بوون ، لە پلە و پۆستەکانیان دا نەهێڵدران. لەم بۆنەی 30ساڵەی یادی ڕووخانی دیوارەکەدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایەک کرا، کە بەهۆی ڕووخانی دیوەرەکەوە زیان بە پۆستەکەی کەوتووە. لێیان پرسی گەر دیوارەکە نەڕووخایە و هەتا ئێستا بمایە چیت دەکرد؟ وتی: هەر هەوڵی هەڵاتنم دەدا). هاوڵاتییەکی تر وتی: "من باوەڕ ناکەم جارێکی تر دیوارێکی تر دروست بێتەوە".



لێرەدا مۆڵی خوارد بوو. کە وەک تەرازوو و سەکۆیەک بۆ کێشانی ڕووداوەکان و دەنگ هەڵبڕینی ڕاگەیاندنەکان وەکار دەبرا.بەم دابەشبوونەکە 193شەقام و کۆڵان لێک دابڕان ، کە لەوانە 62یان بۆ ناو بەرلین دەهاتن و ئەوانی دیکە بۆ ناو ئەڵمانیا دەچوون. پاشان تەنها چەند ڕێگایەکی کەم و دەستنیشانکراو وەک خاڵی پشکنین نەبێت، هیچ ڕێگایەک بۆ هاتووچۆ کردن نەمایەوە . ماوەیەکی زۆر حکومەتی خرۆشۆڤ گەمارۆی لەسەر بەشە ڕۆژئاواکە ڕاگەیاند و هێزە هاوپەیمانەکانی بەسەرکردایەتی ئەمەریکا، دابینی گوزەرانی خەڵکیان لە شمەک و کەلوپەلی پێویست و خواردن لە ڕێگای پردی ئاسمانییەوە کرد. واتە بە فڕۆکە ئەو پێداویستیانەیان بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا دەهێنا . بەتێکڕا 2,1ملیۆن تەن شمەک و پێداویستی تر هێنرایە بەرلینەوە بەڕێگای 277,569 گەشت و هاوبەشی مارشاڵی ڕووسی Iwan.S.Kanjevی قارەمانی دووەم جەنگی جیهانی و ناسراو بەداگیرکەری شارەکانی پراگ و دڕێسن و قاڵتەر ئۆلبریشی سەرۆکۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بیر لە هەڵچنینی دیواری بەرلین کرایەوە و پرۆژۆکۆلێک مۆر کرا. ئەرکی بەجێگەیاندنی ئەم پرۆژەیە درا بە Erich Honiker، کە دواتر بووە سەرۆکۆماری DDR. ئەوبەبو شەوی 31.8.1961 دەست بە دروستکردن دیوارەکە کرا . بۆ بەیانی هەزاران خێزان لێک دابڕان و هەزاران سەرگەردان بوون. نەتەوەی ئەڵمان تووشی گرفتارییەکی قوڵ و گران کرا. دیارە هەر لە یەکەم ڕۆژی کێشانی سنووری دیوارەکەوە، هەتا دوا ساتەکانی ڕووخانی، دانیشتووانی بەشە ڕۆژهەڵاتییەکە، هەوڵی خۆقوتارکردنیان دەدا لەدەست ئەو ڕژێم و سیستەمی حوکمە گەورەترین کۆژراویش پیرێژنێکی 80ساڵییە. بەتێکڕا 5075 هەوڵی هەڵاتن دراوە و سەرکەوتوو بوون. 574هەڵاتن بووە لە سەربازیی.

بەناوبانگترین ڕێگا بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو سیستەمە دیکتاتۆرییە، دروستکردنی تونێلێک بوو بەدرێژایی 145م و قوڵی 12م و پانی 70م کە 57کەس توانیان لێوەی هەڵ بێنن. دواتر تونێلەکە ئاشکرا بوو. ئەم تونێلە لەم ڕۆژانە بە نۆژەنکراوەیی کرایەوە و تۆزیست و هاوڵاتی دەتوانن بیبینن.لەپاڵ ئەوەدا کە بەرگرییەکی بەهێز لەناوەوەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا بۆ ڕووخاندنی دیوارەکە و یەکگرتنەوەی کوردستان و بوونە دەوڵەت.لە یادی 30ساڵەی دامڕمانی ئەو دیوارە قێزەونەدا، لە ئێستادا، بۆماوەی هەفتەیەک لەسەر یەک نزیکەی 200 چالاکی سیاسی و هونەری جۆراوجۆر سازکراوە و پێشکەش دەکرێ. بۆ ئەم یادە زیاتر لە یەک ملیۆن تۆریست لەناوە و دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ سەردان هاتوونەتە ناو بەرلین. ئیمڕۆ بەرلین شارێکە زۆر بەخێرایی گەشەی کردووە و شان لە شانی شارە گرنگەکانی وەک لەندەن و پاریس دەدات. بە ملیۆنەها تۆریست دێنە سەیرانی نزیکەی 160مۆزەخانە و شوێنی میژوویی گرنگ و چەندین زانکۆی بەناوبانگ و سەوزایی و ئاوی زۆر. ئەمەش سەرچاوەیەکی دارایی گەلی باشە بۆ ئەڵمانیای زلهێزی تەکنەلۆژیای جیهان. ئەڵمانەکان بە تازەترین شێوە بەرلینی دارماوی داڕووخاوییان نۆژەن کردۆتەوە و هەر پرۆژەیەک دەکەن، لە ئەورووپادا بێتوێنەیە.کەواتە قسەی بیرمەندە ئەمەریکییەکەی وتی: ئەڵمان بیر لە ئایندە دەکەنەوە و ئێمە بیر لە ڕابوردووبیان دەکەینەوە ،ڕاستە. ئەڵمان ئایندە ڕۆشن دەرچووە و زاڵیشە بەسەریدا. دەبا ئەوانە لە خەیاڵی ناو کتێبەکاندا، بە شەواڕە کەوتوون، هەر بەدیار چرکەساتەکانی میژووەوە، بخەون!... ئەوانە پاڵەوانی کارتۆنی میژوون. ئەوە ڕاوێژکاری گەورەی ئەڵمانی Helmut Kohlو تیمەکەی بوون، ئەسپی سەرکێشی لەمەڕ دیوارەکەوە هەیە. ڕۆژانە بە هەزاران هەزار کەس دێنە سەردانی موزەخانە و ئەو چەند پارچە ماوەوەی دیوارەکە.ڕووخانی دیواری بەرلین ڕەوتی سیاسەتی جیهانی گۆڕی و »شەڕی سارد«ی کۆتایی پێهێنا وەرچەرخانێکی لە ستراتیژی نەتەوەکاندا بەرجەستە کرد . بەدوای ئەم ڕووداوەدا چەندین وڵات ئازاد بوون و چەندینیش یەکیان گرتەوە و ژمارە دەوڵەتانی جیهانیش زیادی کرد.لە وڵاتی ئێمەی دابەشکراو بەسەر 5 دەوڵەتی جیاجیاداو لەو بەشەی نیمچە ئازاییەک بااڵی بەسەردا کێشاوە، وا تازە بەتازە دووەدەوڵەتۆکەی حیزبۆکە دروست دەکرێت. .ئەمە بۆچوونی 1995و هەتا ئێستاش بەداخەوە، سیمای دوو پارچە و دوو ڕەنگی بەو بەشەی باشوورەوە دیارە . بە ئاواتی دادپینی پەڕژێەک لەم ئەزموونە گەورەیە و بەهیوای هەڵتەکاندنی سنوورە دەستکردەکانی نێو خاکی کوردستان و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و بوونە دەوڵەت.لە یادی 30ساڵەی دامڕمانی ئەو دیوارە قێزەونەدا، لە ئێستادا، بۆماوەی هەفتەیەک لەسەر یەک نزیکەی 200 چالاکی سیاسی و هونەری جۆراوجۆر سازکراوە و پێشکەش دەکرێ. بۆ ئەم یادە زیاتر لە یەک ملیۆن تۆریست لەناوە و دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ سەردان هاتوونەتە ناو بەرلین. ئیمڕۆ بەرلین شارێکە زۆر بەخێرایی گەشەی کردووە و شان لە شانی شارە گرنگەکانی وەک لەندەن و پاریس دەدات. بە ملیۆنەها تۆریست دێنە سەیرانی نزیکەی 160مۆزەخانە و شوێنی میژوویی گرنگ و چەندین زانکۆی بەناوبانگ و سەوزایی و ئاوی زۆر. ئەمەش سەرچاوەیەکی دارایی گەلی باشە بۆ ئەڵمانیای زلهێزی تەکنەلۆژیای جیهان. ئەڵمانەکان بە تازەترین شێوە بەرلینی دارماوی داڕووخاوییان نۆژەن کردۆتەوە و هەر پرۆژەیەک دەکەن، لە ئەورووپادا بێتوێنەیە.کەواتە قسەی بیرمەندە ئەمەریکییەکەی وتی: ئەڵمان بیر لە ئایندە دەکەنەوە و ئێمە بیر لە ڕابوردووبیان دەکەینەوە ،ڕاستە. ئەڵمان ئایندە ڕۆشن دەرچووە و زاڵیشە بەسەریدا. دەبا ئەوانە لە خەیاڵی ناو کتێبەکاندا، بە شەواڕە کەوتوون، هەر بەدیار چرکەساتەکانی میژوووەوە، بخەون!... ئەوانە پاڵەوانی کارتۆنی میژوون. ئەوە ڕاوێژکاری گەورەی ئەڵمانی Helmut Kohlو تیمەکەی بوون، ئەسپی سەرکێشی

میژوویان لغاوکرد و سواری بوون بەرەو یەکگرتنەوە و ئاوەدانی و بوونە هێز لە جیهان دا. چونکە هەڵوێستیان ڕوون و باوەڕیان نەلەقیبوو بوو، بە پرسی یەکگرتنەوەی نیشتمانەکەیان. بەڵی ئەوان بوون، لەو هاکێشە سەختەی دژایەتی سەخت و نیگەرانی قوڵ و ترسی بێ ئامانەوە،لە لایەن هەردوو بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە: لەندەن/ تاتچەر و پاریس/ میتران و واشنتۆن/ بوش و مۆسکۆ/ گۆرباشۆڤ، تواناییان یارییەکەی خۆیان بەرنەوە میژووی سەرکەوتنی نەمریی بنووسنەوە. ڕاستە تا ئێستا هەندێ وردە گلەیی و کەموو کوڕی،لە ئاکامی یەکگرتنەوە سەری هەڵداوە و ڕێژەیەکی کەمی ئەڵمان لەبەشی ڕۆژهەڵات خۆیان بە هاوڵاتی پلە دوو هەست پێ دەکەن. یاخودهێشتا پرۆسەی ئینتگراسیۆن بەناڕاستەی ناوخۆدا،نەگەشتۆتە پلەی کاملی و گەیبوی خۆی،لێ هەموو گەواهی ئەوەین، ئەڵمانیا لە ڕۆژ بووردا، بێ ڕکەبەر هەر پێشڕەوێکی بەهێز و گەورەی دەوڵەتانی جیهانە.لە هەمووی گرنگتر،هەتا ئێستا وا بەدیار کەوتوو، کە ئەڵمان پەند و وانەیەکی باشی لە هەردوو جەنگەکە وەرگرتبێت. هەر بۆیەکا کەمو زۆر بە پارێز بۆ پرسی شەڕ و هەراکانی هەنووکە دێنە پێشەوە.

چی لەمەڕ بەرلین وتراوە:
بەرلین دورگەیەکە لە دەریای کۆمەنیزم دا.....کەنەدی.
من بەرلینیم....کەنەدی .
بەرلین ئەڵقە و پردی پەیوەندی جیهانە..... میتران.

دیواری بەرلین سیمبۆڵی دابەشکردنی ئەوروپایەو هیوادارم ڕۆژێک بێتە سیمبۆڵی یەکگرتنەوە... ئیلیزابێتی دووەم.

ئا لەم چرکەساتەدا،کە ئەڵمان و هەموو ئازادیخوازانی جیهان یادی ڕووخانی ئەو دیوارە نەگریسە دژ بە مرۆڤایەتییە، دەکەنەوە. دەرفەت و هەلێکی زێڕین بۆ کوردیش لەتەواوی پارچەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژئاوا و باشوور هاتۆتە پێشێ، سنووری نێوان خۆیان ڕامالن و هەنگاوی گرنگ و حەکیمانە بەرەو سەربەخۆیی بنێنێ. ئاخر هیچ جارێ هێندەی ئێستا دۆزی کورد، هێندە بابەتی باسوخواست و کێشەی ناوەندەکانی بڕیاردان لە جیهان دا، ئاوەها بەتی لای دەوڵەتە زلهێزەکان و حکومەت و جەماوەر و ڕای گشتی دەوڵەت و میللەتانی جیهان نەبووە. چانسێ لەمە زێڕینتر و گونجاوتر، ڕەنگە بە سەدەیەکی تریش بۆ کورد هەڵنەکەوێتەوە.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/11/12 ژمارە (5869)
خەبات




چەند زانیارییەک دەربارەی کاژی بەردار

کاژی بەردار (pinus pinea L .) داریکی گەورەیە بەرزاییەکەی لەنێوان (25-30) مەترە وە تاجەکەی چڕ و تەختە و لەشێوەی سەیوان دایە و گەورە و پانیش دەبێت لەگەڵ گەشەی دا. قەدێکی گەورەی هەیە کە تیرەکەی دەگاتە نزیکەی 2مەتر. ئەم جۆرە داری هەزار ساڵ پێش ئێستا بەشێوەیەکی فراوان لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوە، لە ئیسپانیا و ئیتاڵیا ڕووبەرێکی زۆر فراوانی لەخاکی ئەم دوو دەوڵەتە بەدارستانی کاژی بەردار داپۆشراوە. لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوا ئەم جۆرە داری چێندراوە لە دارستانە دەستکردەکاندا. کاژی بەردار لەم جۆرە دارانەیە کەوا ژینگەیەکی گونجاوی هەیە بۆ گەشەکردن لەم هەرێمە لە خاکێکی تەنک و قوڵیشدا دەڕوێ، پێویستی بەرێژەیەکی کەم لە تیشکی خۆر هەیە لە سەرەتای گەشەدا، بەڵام لە قۆناغی گەشەی تەواودا پێویستی بەرێژەیەکی زۆری تیشکی خۆر دەبێت. لەم ناوچانەش گەشە دەکات بەشێوەیەکی ئاسایی کەوا ڕێژەی باران بارین تێدا لە نێوان (250مـلم -600) مـلم بێت، گەڵاکەی ئەم دارە لە شێوەی دەرزیلەیە ڕەنگێکی کەسکێکی کاڵ و بریقەداری هەیە قەراغەکانی تیژن درێژییەکەی دەگاتە نێوان (10-8) سم پانییەکەشی لەنێوان (25-15)مـلم دەبێت. گۆزپکەکەی شێوەیەکی لوولەکییە و ماددەی ڕاتنجی تێدایە، گوڵی نێرینەی شێوەی قووچەکە بە پووڵەکی زەرد داپۆشراوە. گوڵی مێینەی هەروەها شێوە قووچەکی ڕەگێکی سەوزی پانی هەیە، تۆوی کاژی بەردار باڵێکی بچووکی هەیە تۆکڵێکی ئەستوورە و دەوری تۆوێکە دەدات کە بە تۆکڵی دار فستق دەچێت، تۆوەکەی تا 2ساڵ لە باروەژخی ئاسایدا خۆی ڕادەگرێت. شێوەی زیاد کردنەکەی بریتییە لە تۆو، تۆکڵەکەی ڕەقە پێش چاندن پێویستی بە تەرکردن هەیە. چاندنی ئەم دارە زیاتر بۆ دەستکەوتنی تۆوەکەیەتی کە بۆ خواردن بەکاردێت.

ئا/ م هەڵمەت ئەبوبکر صابر
کۆڵێژی زانستە ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان

گرنگی باران و ئۆکسجین بۆ گەشەی نیماتۆدا



ڕادەی شێ و هەوا گۆڕکێی خاک کاریگەری زۆری لەسەر چالاکی نیماتۆدا هەیە بە تایبەتی لەسەر تروکانی هێلکەکەی و ڕێژەی گەشەکردنی. بۆ ئەوەی نیماتۆدا لە باڕیکی چالاک بمێنێتەوە پێویستە پۆشاکێکی تەنک لە ئاو بەدەوریدا بێت و بڕێکی تەواو لە ئۆکسجین هەبێت بۆ هەناسەدان. زۆر جار ئەم پێویستیانە لە زەوی تایبەت بە چاندن دەستەبەرە و ڕێژەی شێ لە نێوان 40- 60%دەبێت.

بەرزی و نزمی شێی خاک بەهۆی باران بارین و ئاوی ئاودان بە گرنگترین هۆکار دادەندرێت کە کاریگەری لەسەر چڕی نیماتۆدا لە نێو زەوی کشتوکاڵی دا دەبێت.

لە کاتێکدا کە ڕادەی شێ دەگاتە ئاستی سیسبوونی ڕووەک، چالاکی نیماتۆدا دەوەستێت و ئەگەر هەیە نیماتۆدەکە وشک بێتەوە و دەمرێت لەو کاتەی خاکەکە زۆر وشک دەبێت.

لە زەوی زۆر تەڕدا واتا ڕادەی شێی زۆر بەرز بێت چالاکی نیماتۆدا سنووردار دەبێت تەنانەت لە کەمتر ئاست دەبێت ئەوەش بەهۆی کەمی ئۆکسجین، لە ئەنجامی بارانی بەخۆڕ یان بارانی زۆر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و کۆبوونەوەی ئاو لە زەویدا ڕووەدات. هەندێک جاریش بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو ژەهرانەی لە ئەنجامی چالاکییەکانی مایکرۆبە ناهەواییەکان دروست دەبێت، ئەگەر ئەو بارودۆخە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت دەبێتە هۆی مردنی نیماتۆدایەکە.

سوودەکانی گەڵای هەنجیر



گەڵای هەنجیر لە نێو بڕێک ئاو دەکوڵێنرێت پاشان دەپاڵێورێت پێش نان خواردن ڕۆژێ دووجار نیو پەردەغی لێ دەخورێتەوە بۆ ئەوەی ئەم سوودانە بگەیەنێت:
دڵ دەپارێزێت و پەستانی خوێن بە جێگیری دەهێڵێتەوە.
بەسوودە بۆ دەرباز بوون لە کێشی زیاد.
کێشەکانی کۆئەندامی هەرس چارەسەر دەکات و بەد هەرسی ناهێڵێت و قەبزی چارەسەر دەکات.
بە سوودە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ لەڕووی توانای سێکسیەوە.
بۆ دووبارە بنیاتنانی ئێسک سوودی هەیە چونکە دەوڵەمەندە بە کاڵیسیۆم.
بە سوودە بۆ تەندروستی چاو بەتایبەتی تۆڕی چاو لە کاتی پیربووندا.
بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پێست و هەوکردن و دۆماڵ سودی لێ وەردەگیرێت.
ئاستی شەکرەی خوێن ڕێکدەخات لەڕێگای باشکردنی دەردانی ئەنسۆلین لە جەستەدا.
جەستە لە نەخۆشیە شێرپەنجەیەکان دەپارێزێت.
ڕێگرە لە نەخۆشی نەقرەس.

لە مانگی ڕابردوو نرخی خۆراک بەرزترین ئاستی تۆمارکرد



ئەو خۆراکە سەرەکییانەی بازرگانی پێدەکرێت وەک گەنم و گەنمشامی و شەکر و ڕۆنی دارخورما بەرزبووەوە لە مانگی تشرینی یەکەمدا، بەڵام نرخی پەنیر و پەلەوەر و زەیتی گولەبەڕۆژە دابەزی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی (فاو) نرخی خۆراک لە بازاڕەکانی جیهانی لە مانگی تشرینی یەکەم بۆ یەکەم جار لە پێنج مانگی ڕابردوودا بەرزبووەوە بەهۆی بەرزبوونەوەیەکی زۆری نرخی شەکر و دانەوێڵە سەرەکییەکان.

تێکڕای نیشاندەری فاو بۆ نرخەکان گەیشتە 172.7 خاڵ لە مانگی تشرینی یەکەم ڕێژەی 1.7 لە سەدا بەرزتر لە مانگی ڕابردوو و ڕێژەی 6.0 لە سەدا بەرزتر لە هەمان مانگی ساڵی 2018.

نیشاندەری فاو بۆ نرخەکان بەرزی بە ڕێژەی 4.2 لە سەدای بۆ دانەوێڵە تۆمارکرد، لە کاتێکدا نرخی هەناردەکردنی گەنم و گەنمشامی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزبووەوە بەهۆی دابەزینی پێشبینییەکانی بەرهەمی دانەوێڵە لە ژمارەیەک وڵاتی بەرهەمهێنی سەرەکی و هەبوونی جۆرەیەکی بازرگانی بەهێز. بە پێچەوانەی ئەوە نرخی برنج پاشەکشەی کرد بەهۆی لاوازی داواکاری لەسەریدا و پێشبینی بەرهەمێکی زۆری برنجی بەسەمەتی.

نیشاندەری فاو بۆ نرخی شەکر بە ڕێژەی 5.8 لە سەدا لە مانگی تشرینی یەکەم بەرزبووەوە بەهۆی پێشبینیکردن بە لاوازی بەرهەم لە ساڵی داهاتوودا بەهۆی دابەزینی بەرهەمی شەکر لە هەریەک لە وڵاتی هیندستان و تایلەند کە یەکەمیان گەورەترین بەرهەمهێنەرە لە جیهاندا و ئەویتریان گەورەترین هەناردەکارە لە جیهاندا.

لە هەمانکاتدا نیشاندەری فاو بۆ زەیتی ڕووەکی بە ڕێژەی 0.5 بەرز بووەوە بۆ ئەوەی بگاتە بەرزترین ئاست لە ماوەی زیاتر ساڵێکدا، نرخی زەیتی دارخورما بەرزبووەوە بەهۆی داواکاری زۆر و پێشبینی کەمبوونەوەی بەرهەم، بەڵام زەیتی گولەبەڕۆژە دابەزی بەهۆی زۆری بەرهەم لە ناوچەی دەریای ڕەش.

بەهەمان شێوە نرخی گۆشت بە ڕێژەی 0.9 لەسەدا بەرزبووەوە بەهۆی داواکاری زۆر لەسەر گۆشتی ڕەشەوڵاخ و مەڕ، بەڵام نرخی گۆشتی مریشک دابەزی بەهۆی زۆری بەرهەمی بەردەست بۆ هەنارەدەکردن.

پیازی سپی یان پیازی سوور کامیان سوودی زیاترە

پیاز ڕەنگی جیاوازی هەیە وەک سوور و زەرد و سپی و سەوز، بەڵام ئایا ئەو جیاوازییە لە ڕەنگ کاریگەری لەسەر بەهای خۆراکی پیاز هەیە؟.

لە ڕاپۆرتێکدا بەراورد لە نێوان دوو جۆری بڵاوی پیازکراوە کە بریتین لە پیازی سوور لە ناوەوە و دەرەوە لەگەڵ پیازی ئەمەریکی کە لە دەرەوە و لە ناوەوە ڕەنگیان سپییە.

پیازی سوور بەسوودە بۆ لەناوبردنی میکرۆب و هەوکردنەکان و ئەو زەیتەی تێدایە کۆکەی بەهێز ڕادەگرێت و چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانی سەرما. ئەو جۆرە پیازە هەستیاری کەم دەکاتەوە کە دووچاری جەستەی مرۆڤ دێت بەهۆی هەبوونی ماددەیەک لە پێکهاتەکەیدا کە ئیشی هۆرمۆنەکانی هاندەر بۆ هەستیاری دەوەستێنێت، لە هەمانکاتدا تەندروستی دڵ و خوێنبەرەکان دەپارێزێت.

پیازی سوور کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا، هەروەها مەینی خوێن و ڕەقبوونی دەمارەکان ناهێڵێت و ڕێگا بە دروستبوونی خانە شێرپەنجەییەکان نادات و کۆئەندامی بەرگری بەهێز دەکات.

بەڵام پیازی سپی دەم لە بەکتریا و میکرۆبەکان خاوێن دەکاتەوە، هەروەها کێشەکانی کۆئەندامی هەناسەدان چارەسەر دەکات وەک هەوکردنی سییەکان و لووت و قوڕگ و بۆڕییە هەواییەکان.

پیازی سپی کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی نیشانە تونددەکەی ڕەبوو و بە سوودە بۆ چارەسەرکردنی کۆکە و هەبوونی بەلغەم لەگەڵیدا. پیازی سپی ڕۆڵی هەیە لە توانای سێکسی پیاو لە ڕێگای چالاککردنی سووڕی خوێن، لە هەمانکاتدا خانەکانی جەستە لە تێکچوون دەپارێزێت. پیاز هەر ڕەنگێکی هەبێت چەندین تۆخم و ڤیتامینی جیاواز لە پێکهاتەکەیدا هەیە کە گرنگن بۆ بنیاتنانی جەستەی مرۆڤ، پیاز لەو سەوزانە دادەندرێت کە کالۆری نزمە، لەو زانیارییانەی سەرەوە دەردەکەوێت پیاز ڕەنگی سوور بێت یان سپی مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان بێت ئەگەر مەبەستی بیەوێت لە تەندروستییەکی باشدا بژیت.



لەم کاتەدا پەینەگەڵا بەکار نایەت

پەینە گەڵا لە ڕێگای ڕشاندنداً بەکار دێت بۆ قەرەبووکردنی ڕاستەوخۆی ڕووەک بەو توخمانەی کە پێویستی پێیەتی، بەڵام لە چەند بارودۆخێکدا ئەو کردارە ئەنجام نادرێت وەک:-

هەبوونی ئاستێکی بەرزی خوێ لە ئاودا کە ڕێژەی خوێیەکەی 1000 بەش / ملیۆن بێت.

لە کاتێکدا کە ڕووەکەکە تێنووە.

لەو ڕۆژانەی کە باران دەبارێت.

لە قۆناخی گوڵکردندا یان لە قۆناخی سەرەتای دروستبوونی بەر، چونکە دەبێتە هۆی وەرینییان.

پێش ڕەتبوونی 3 ڕۆژ لە بەکارهێنانی قڕکەری کیمیایی. دڵنیابوون لە توانای تێکەڵکردنی پەینەگەڵا و قڕکەری کیمیایی بۆ ئەوەی کاریگەری قڕکەرەکە کەم نەبێتەوە. پێشەنگی دەدرێتە بە بەرنامەکانی قەڵاچۆکردن و چارەسەر و لەناوبردنی نەخۆشییەکان و دەردە کشتوکاڵییەکان، ئینجا پەینەگەڵا بەکار دێت.

بۆ گەشەی ڕووەک و زێدەکردنی بەرهەم تەنها پشت بە پەینەگەڵا نابەسترێت بەڵکو پەینکردن لە ڕێگای خاکدا بە سەرەکیترین ڕێگا دادەندرێت بۆ پێدانی توخمە خۆراکییەکان بە ڕووەک.



لەخولی نایابی لاوانی کوردستاندا..

سیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی بۆ پلەکانی یەکەم دەجەنگن

هەندرێن و سیروانی شارەزوور لە خراپترین ئاستی خولەکەدان



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: پیشتیوان

ئەم وەرزە خولی نایابی لاوانی کوردستان بەبەشداری 12یانە بەسەرکەوتوویی دەستیپێکرد و ئەم هەفتەیە خولەکە پێی نایە هەفتەی سێیەم و تا ئەم گەڕە هەر یانەیەک 3 یاری ئەنجام داوە، ئەگەر شرۆڤەیەک لەسەر ئاست و توانای خولەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێت تیپی لاوانی سیروانی نوێ لەکۆی 3 یاریدا 9 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپێشەنگی یانەکاندا جێگیر بووە، سیراونی نوێ لەخولی لاوانی کوردستان سەرەتایەکی باشی بۆخۆی دەستەبەرکردووە لەڕووی ئاست و لەڕووی ئەنجام،دوای ئەم یانەیە دووبارە یانەیەکی شاری سلێمانی پلەی دووەمی خولەکەی گرتووە، ئەمەیش تیپی لاوانی پێشمەرگەی سلێمانییە، تیپی ناوبراو لەکۆی 3یاریدا 7خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە بەشێوەیەکی کاتی جێگیر بووە، بۆیە بەهەمو پێوەرەکان وادەردەکەوێت سەرجەم یانەکانی کوردستان جگە لەشاری هەولێر لەخولەکەدا بەئاست و بەتوانا لەپێشترن، مەرگەر یانەی پێشمەرگەی هەولێر نەبێت دوای ئەنجامدانی 3 یاری تەنها 6خاڵی کۆکردۆتەوەو لەپلەی سێیەمی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبێندرێت، سەرەڕای ئەمەیش یانەی هەولێر لەکۆی 3یاری تەنها 2خاڵی هەیە و لەپلەی دەیەمی ڕێزبەندی خولەکەدایە، یانەی هەندرێنیش لەکۆی 3یاری هیچ بردنەوەیەکی تۆمار نەکردو وە و لەدواوەی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیربووە، واپێشبینی دەکرێت ئەم وەرزە لەنێوان یانەکانی سیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی و پێشمەرگەی هەولێر و زێرەڤانی ڕکابەریلەسەر پلەکانی پێشەوە بکرێت، ئەگەرچی هێشتا ماوە و خولەکە لەسەرەتای دەستپێکردنیتی، زۆر تیپ هەیە لەسەرەتاوە باش دەردەکەوێت ، بەڵام لەناوەڕاستی خولەکە ئاستی بەرەو ڕووخان دەچێت و بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت، بۆیەمەرج نییە هیچ تیپێک لەسەر ئاستی ڕاستەقینەی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە تۆپی پێیە و ئەوەی باش یاری بکات و گۆڵ تۆمار بکات ئەو دەچێتە پێشەوەی ڕێزبەندی خولەکە.




تا ئێستا مێسی 46 گۆڵی لە ڕێگای لیدانە ڕاستەوخۆکان تۆمار کردووە

دوای ئەوەی لیۆ مێسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە لە یارییەکەیان بەرامبەر یانەی سیلتا فیگۆ توانی هاتریک تۆمار بکات کە دوو گۆڵی بە فاول و گۆڵێکیش لەڕێگای پەنەلتییەوە تۆمار کرد، ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی سەبارەت بە گۆڵەکانی مێسی لە ڕێگای تۆپی جیگرەوە ڕایگەیاندووە کە لیۆ بۆتە گرنگترین یاریزان لە جیهان کە زۆرترین گۆڵی لە ڕێگای فاولەوە تۆمارکردووە.

مێسی تا ئێستا بە دریسی بەرشلۆنە 118 گۆڵی تۆمار کردووە لەوانە 46گۆڵ لەڕێگای فاول و 72گۆڵیش لەڕێگای پەنالتییەوە بوون.

زیرەکی منداڵەکەت لەشەترەنج واتە هۆکارەکانی سەرکەوتنیەتی لەهەموو ژیانیدا



تم خۆشەویستی بۆشەترەنج . وەک لەوێنەکەدا دیارە بەچێژەوە چاوەڕوانی جولەیەکە لە شاشەکەدا چێژی شەترەنج چێژی خواندنی لەبیربردووەتەوە.

.تم گرنگی دان بەشەترەنج بە گشتگیری و بەگشتی . هەندێک تەنها هەواداری یاری هێرش بردن و جوڵەی جوان و هەندێ دەسپێکی سواون. دەبێت لەهەموو بوارەکاندا خوێندەوەبکاتە پیشەی .

.تم هاوکاری دایک وباوک: بێگومان دایک وباوک وهاوکارییان و گرنگی دانیان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەپێشکەوتنی منداڵ لەهەموو ڕوبەکەوە . منداڵ هەرچەندە لێهاتووبێت پێویستی بەماڵەوەیە هاندەری بێت.

٤- ڕاهێنەری تایبەت ودڵسۆز : هەرچەندە منداڵ بەهەری تێدابێت ڕاهێنەرێکی دڵسۆزی دەوێت ڕێنمونی بکات و کاتی بۆ تەرخان بکات بۆئەوەی هەڵەکانی دەستنیشان بکات و پێشبکەوێت.

.تم هاوکاری قوتابخانە : کاتێک منداڵ بەهرەیەکی شەترەنجی تێدایە دەبێت قوتابخانەش هاوکاری بێت چونکە هەندێک جار بەهۆی بەشداری پاڵەوانیەتی لەقوتابخانە دوورەدەکەوێتەوە ئەوەش وەزارەتی پەروەردە دەبێت ڕێنموونی تایبەتی هەبێت بەجۆرێک هاوسەنگی نێوان قوتابخانەوشەترەنج پاریزراوبێت وکاریگری نەرێنی نەبێت.

٦- هاوڕێی شەترەنجی: هەندێ کات منداڵ بیزاردەبێت لەبیرکردنەوە تەنانەت حەزناکات شەترەنج ببینێت . لەم حاڵەتەدا پێویستی بەپشووە بۆیە پێویستی بەهاوڕێی دڵسۆزی شەترەنجی هەیە بۆئەوەی هاندەری بەردەوامی بن.

.تم بەشداری کردن لە ڤیستڤاڵ: لەم جۆرە ئاهەنگە شەترەنجیانەدا منداڵ توانا کانی خۆی دەبینێتەوە وتێکەڵ بە کۆمەڵێ هاوڕێی تر دەبێت هەستێکی وای لەلا دروست دەبێت کە تەنها نییە لەم بوارەدا. چونکەسروشتی شەترەنج وایە بەهرەدارەکان لەدەوری کۆدەبنەوە.

.تم ڕاهێنانی جەستەیی: کاتێک منداڵ میشکی بەبیرکردنەوە ماندو دەبێت ڕاهێنانی جەستەیی وزەیەکی نوێی پێدەبەخشێت بۆیەدەبینین لەڕیانی پاڵەوانانی وەک فیشردا سەرقاڵبونیان بە تۆپی سەرمێزو مەلەوانی ڕەنگی داوەتەوە. .تم توانای فیتبوونی شتی نوێ: توانای فیتبوونی شتی نوێ وزانیاری لەهەربوارێکی تردابەخێرایی کاریگەری نارِاستەوخۆی دەبێت لەسەر داهێنان وبیرکدنەوەی ناوازە لەشەترەنجدا.

-تم باوەڕبەخۆبوون: بنچینەی هەرکارێکی لەسەربەندە ئەمەش وادەکات منداڵ لەڕوبەڕوبونەوەی ئاستەکانی سەروخۆی نەترسێت. بۆیەدەبێت باوەڕبەخۆبوون بکرێتە هەوێنی خاڵەکانی پێشوو.

ئا: مامۆستا شەهرام

قاردی: ئێستا لەوپەڕی ئاست بەرزیدام

جیمی قاردی، ئەستێرەی یانەی لیستەر ستی ئینگلیزی، نهێنی دەرکەوتنی بەو ئاستە بەرزە لەو وەرزە ئاشکرا کرد، دوای ئەوەی پێشەوایەتی یانەکەی کرد، بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەڵام لە یانەی ئارسینالّ بباتەوە، لە گەڕی 12خولی نایابی ئینگلتەرادا.

ئەمەو قاردی گۆڵی یەکەمی یانەکەی تۆمار کرد، گۆڵی دووەمیشی بۆ هاوتیپەکەی، جیمس مادیسۆن دروستکرد، بەمەش لیستەر بە کۆکردنەوەی 26خاڵ، بە شێوەیەکی کاتی پلەی دووەمی ریزبەندی یانەکانی پریمێرلیگی گرت. قاردی بەو گۆڵەی کۆی گۆڵەکانی گەیاندە 11گۆڵ و سەرووی لیستی گۆڵکارانی خولەکەی گرت، هەروەها خاوەن زۆرترین گۆڵیشە لەو وەرزەدا، کە ئەویش 23 گۆڵە. دوای تەواوبوونی یاریەکە، جیمی قاردی، لیدوانی بۆ رادیۆی (BBC) بەریتانی دا و وتی:"لەوانەیە ئێستا باشترین ئاستم پێشکەش بکەم، بەڵام ڕێگەیەکی درێژمان لە پێشە، من بەردەوام ئامادەی فێربوونم، ڕاهێنەر شێوازێکی تەکیتکی تازە پەیڕەو دەکات، بەردەوام هەوڵ دەدەم ئەوپەڕی ئاستم پێشکەش بکەم، ئەوەش سوودی بۆ خۆم و تیپەکەم هەیە". هەروەها وتی:"ئەو توانایەی بۆ داهێنان هەمانە، سوودێکی باشی بۆ تیپەکە دەبێت، پێویستە هەموو یارییەک بە تەنیا وەربگرین، هێشتا لە سەرەتای وەرز داین، فشارێکی زۆر لە سەر یانەکەمان دروست بووە، هەمووان چێژ وەردەگرن، ئەو چێژەش بردنەوە دروست دەکات".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 12. Nov. 2019 No: (5869)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



مەلەک ڕۆژهات بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە

هەمزە سەرحان: کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان "مەلەک ڕۆژهات"، نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بە ناوی (گاوڕێ) بڵاو کردەوە.گۆرانییەکە یەکێکە لە گۆرانییە کۆنەکانی محەمەد شێخۆ، هونەرمەندی کۆچکردووی کورد، کە خۆی تێکست و ئاوازی گۆرانییەکەی ئامادە کردبوو، مەلەک ڕۆژهات بە میوزیکێکی نوێ بڵاوی کردووەتەوە.مەلەک ڕۆژهات خەڵکی باکووری کوردستانە، خاوەنی چەندین ئەلبوومی گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپە، کلیپەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بینەرێکی زۆریان هەیە، لە ساڵی 2019دا چەند ڤیدیۆ کلیپێکی دیکەشی بڵاو کردووەتەوە.

شانۆکار ڕێبوار فەرەج عارف:

بەرهەمی خۆمالّی ناتوانێ چاوی بینەری کورد تێربکات





دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

ڕێبوار فەرەج عارف دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی هەڵەبجە، کارگێڕی کار، فەرمانبەرە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، خێزاندارەو باوکی دوو کوڕە بە ناوەکانی (قارۆ و ڕۆفان). خێزانیشی وەک خۆی شانۆکارەو ئەزمونێکی باشی هەیە لەو بوارەدا. سەرەتای دەسپێکی کار کردنی لە شانۆدا لە ساڵی (192) دەستی بەکار کردووە لە تیپی شانۆی شەهیدان، تا وەکو ئێستا زیاتر لە (30) بەرهەمی شانۆیی هەیە کە وەک ئەکتەر یان دەرهێنەر یان یاریدەدەری دەرهێنەر کاری تێداکردوون ، لەگەڵ دوو کورتە فیلم و کارتێکی درامی تەلەفزیۆنی تا وەکو ئێستا بەردەوامە. لە ساڵی (1994) وە ئەندامی کارایە لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، ئەندامی تیپی نواندنی هەڵەبجەیە. ئەو شانۆکارە بەمجۆرە دەستی بە قسەکردن کرد بۆ خەبات:

ئاستی دەرهێنەرانی کورد چۆن دەبینی بە بەراوورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی؟

لە ڕاستیدا بە پێی ئەو ئەزمونە کەمەی لە چاو وڵاتانی خاوەن شارستانیەت و خاوەن ئەزمونی شانۆ، لێرەو لەوێ دەرهێنەری باشمان هەیە بە تایبەتی لە بواری شانۆدا ، بەڵام چونکە نەمانتوانیوە، یاخود بارو زروفی سیاسی و ئابووری هاوکار نەبوون بۆ ئەوەی وەک پیشەگەر کار بکەین هێشتا هەر وەک ئارەزوویەک یان هەندێجار وەک هەستی بەرپرسیاریەتی بۆ دەربڕینی هاوسۆزیەک یان گەیاندنی پەیامێک جارجارە کاری دەرهێنەرە باشەکان دەبینی بە تایبەتی لە قیستیڤاڵە شانۆییەکاندا.

جاران باس لە لاوازی کارە خۆمالّیەکان دەکرا، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەقی باش، یان ئەکتەری بە توانا، یان ئامێرو تەکنەلۆژیای پێویست؟

بێگومان هەموو ئەوانەی بەڕێزتان باسی لێوە دەکەن هەر یەکەیان هۆکارێکی تایبەتن بۆ لاوازی بەرهەمە خۆمالیەکان. کاتێک کە باس لە نەبوونی دەقی باش دەکەین، هەر بۆ خۆی ئێمە دەقنووسمان زۆر کەمن زیاتر دەقی شانۆیی. یان گرفتی ئەکتەر بەداخەوە ئێستا وایلێهاتووە لە سەرینەمای لێهاتویی و گونجانی کەسایەتی خودی ئەکتەر لەگەڵ کارەکتەرەکەی دەستنیشان ناکرێت، هەڵبەت لە هەموو کارێکیشیاندا ، بەڵام ئینکار ناکرێت کە لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و ناسراوی و خزم و هەندێ سیفاتی تریش هەڵدەبژێردرێن، وە قورخکارییەکی زۆریش هەیە لە دراماکاندا. بەڵام سەبارەت بە ئامێرو تەکنەلۆژیای پێویست پێمانیە گرفتێکی سەرەکی بێت، چونکە سەردەمەکە سەردەمی هەشتاکان و نەوەدەکان نییە! سەردەمی عەولەمەیە پاشان خۆ ئەگەر خۆمان خاوەنی ئەو ئامێرانەش نەبین دەسکەوتنیان گەلێک زەحمەت نییە لە سایەی ئەو هەموو پارە زۆرەی کە بەهەدەر دەدرێت بۆ شتگەلێکی تر.

دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستن توانیویانە بە بەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەلای بەرهەمی خۆمالّیدا ڕایانبکێشنەوە؟

گرفتەکە لەوەدایە کە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی ئەم هەرێمە چاویان لەسەر بەرهەم و کاری هونەری نییە، یان با بڵێین یەکێک نییە لە ئەولەویەتی کارەکانیان، هەر بۆیە ئەوەی کە هەیە ناتوانێت هەژمونی بەرهەمی بیانی نەک بسڕێتەوە بەڵکو هەر کەم بکاتەوە. سەرنج بدە ئەگەر لە ساڵێکدا (-) بەرهەمی خۆمالّی بەرهەم بێت با زۆر لە ڕووی کوالێتیشەوە باش نەبن، بەڵام خۆ دەتوانن بەشێکی زۆری شاشەکانمان داگیر بکەن، ئەوجا بزانە کاریگەری دەبێت، یاخود نا

هۆکار چییە کە بینەر لە درامای کوری تۆراوە؟

هەر وەک ئاماژەم پێکرد بەرهەمی خۆمالّی ئەوەندە کەمە ناتوانێ چاوی بینەری کورد تێر بکات، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لە تەواوی بەرهەمەکەدا بەدیدەکرێت. هەندێجار ئەوەندە پەلە پرۆژەی پێوە دیارە کە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت خۆی دیارە ئەوەندە مەبەستیان لایەنە تیجاریەکەیە ئەوەندە گوێ بە ئاستی هونەری بەرهەمەکە نادەن.

دراماى بازرگانى یان باشتر بڵێین ئەو فیلمانەى کە لە هەندێک کەنال یان لە سینەماکاندا دەکرێت، خزمەتى هونەرى کوردى دەکەن؟

ئەگەر چی فیلمسازی لە بنەمادا کارێکی بازرگانییە، بەڵام لە سایەی تەکنەلۆژیا ئەوەندەی تر بازرگانی پێوە دەکرێت، ئەمەڵایەک لەڵایەکی ترەوە زۆرێک لەو بەرهەمانە لەگەڵ کەلتوورو دیدو تێڕوانینی ئێمە نایەتەوە، هەر بۆیە نەک ناتوانێ خزمەتی هونەری کوردی بکات بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان لە غیابی بەرهەمی ڕەسەن و خۆمالّیدا بۆتە مایەی تۆراندنی بینەری هونەری کوردی، کاتێکی زۆری ژیانمانی داگیر کردووە بە بێ ئەوەی بوبێتە مایەی سوودو قازانج بۆ دەوڵەمەندکردن و خزمەتی هونەری کوردی

دەبێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو دراماى کوردى ئاشت بکەینەوە؟

ئەگەر چی دەسەڵات و حکومڕانی و گەندەڵی و بێدادی و ژیان و گوزەرانی هەزارەها لەخەڵکی ئەم هەرێمە ئینتیمای نەتەوایەتیەکانمانەوە لای خەڵک نەهێشتووە، بەڵام بایی ئەوە دەتوانین لا بکەینەوە بەڵای کێشە نەتەوایەتیەکانمانەوە کە هەر ڕۆژەو پارچەیەک لەجەستەمان دەکەنەوە، بەڵام خۆ دەبێ ئەوەندە بەرهەمی خۆمالّی جوان بخەینە ڕوو کە بتوانین بینەر سەرقاڵ بکەین بە بەرهەمە کوردیەکانەوە.بۆئەمەش هیمەتێکی باشی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەوێت هەر لە دابینکردنی بودجەو هەڵمەتی کاری ڕووناکبیری و پێگەیاندن و دەوڵەمەندکردنی بیرو هزری ئەکتەرو دەرهێنەران و هونەرمەندانی کورد.



لەکاتی ئامادەکردنی سرکەی هەنار

فۆتۆ: ناسح عەلی خەیات



سیڵّفی، مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستەکات

بەمدواییە گرتنی وێنەی سیڵّفی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە و بووەتە خواستێکی بەرچاو بۆ دیکۆمێنتکردنی ڕووداوێکی دیاریکراو، بێئاگا لەوەی وێنەگرتن بۆتە نەخۆشی و لەوانەیە مرۆڤ ڕووبەڕووی مردن بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک کات ژیانی خۆت و کەسانی تریش دەخاتە مەترسیەوە.ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بریتانی بڵاویکردەوە: ژمارەیەک تووێژەری زانکۆی ئۆکسفۆرد تووێژینەوەیەکیان لەبارەی مەترسی سیڵّفی لەسەر گۆریلاکان ئەنجامداوە و ئاشکرایدەکەن ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کۆنگۆ بەمەودای کەمتر لە حەوت مەتر وێنەیان لەگەڵ گۆریلادا گرتووە کە ئەمە ژیانی هەردووکیان دەخاتە مەترسیەوە.لەو تووێژینەوەیەدا هاتووە: سیڵّفی وا لە گۆریلا دەکات هەندێک ڕەفتاری هەڕەمەکی بکات کە ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسیەوە و لەلایەکی ترەوە نزیکبونەوەی مرۆڤەکان لەو ئاژەڵە بەکەمتر لە حەوت مەتر ئەو ئاژەڵانە توشی نەخۆشی ئەنفلۆنزا و ئەو نەخۆشیانە دەکاتەوە کە دەگوازرێتەوە.

ئاماژەشدەدات: پێویستە گرنگی بە تەندروستی ئاژەڵان بدرێت و سیڵّفی لەگەڵ ئاژەڵان کەمبکرێتەوە، چونکە هەندێکجار نازانرێت کاردانەوەی ئەو ئاژەڵە لەوکاتەدا چی دەبێت.